دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٧١٠، شەممە ١٥ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی، ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧

www.kurdistanmedia.com

## بەشداری وەفدی حیزب لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی مام جەلال

شاندێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی "مام جەلال تاڵەبانی" سەرکۆماری پێشووی عێراق و سکرتێری گشتیی یەکیەتی نیشتمانی کوردستاندا کرد.

درێژە لاپەڕەی ٣

همموو ڕێگاکان دەچنەوە کوردستان




٤

ڕاسان پرۆژەیەکی سیاسیی نوێ..




٦

باشووری کوردستان و بنچینەی خەباتی گەلی کورد



٨

کەریم پەرویزی: خەڵک بە هاتنیان بۆ سەر شەقام...



١٠

# نەفرەتی تاران لە دەوڵەتی کوردستان

عەلی خامنەیی لە دوایین لێدوانە ڕقاوییەکانیدا دژ بە گەلی کورد کە دەرخەری بیری چەقبەستوو و دژەکوردی ناوبراو و سیستمە سەدە نێوەڕاستییەکەیەتی، ڕێکەوتی ١٢ی ڕەزبەر و لە دیدار لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیە، هۆکاری ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری کوردستان و پرۆسەکەی بۆ پرۆژەیەکی ئامریکا گەڕاندەوە و گوتی "ئامریکا و هێزی دیکەی بیانی لە ڕێگەی پشتیوانیکردنی ڕێفراندۆمی کوردستانەوە، پلان دادەڕێژن بۆ دامەزراندنی ئیسرائیلێکی نوێ لە ناوچەکەدا".

وەک ڕێنوێنییەکیش بۆ لقوپۆپ و باڵە ئاژاوەگێڕەکانی ویلایەت لە ئێران و ناوچە گوتبووی: پێویستە ڕێوشوێنی تایبەت و بەپەلە دژی جیابوونەوەی کوردستان بگیرێتە بەر.

پاش بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە ڕێکەوتی ٣ی ڕەزبەر کە سەرەڕای هەموو دژایەتی و ئاستەنگەکان بەڕێوەچوو، ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٠ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی، هێزەکانی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و هێزەکانی عێراق بۆ بەڕێوەبردنی مانۆڕێکی سەربازیی هاوبەش لە کوردستانی ڕۆژهەڵات جێگیر بوون؛ هاوکات جیا لە زاڵ کردنی کەشی ئەمنیەتی و فەزای پۆلیسی بەسەر بەشی زۆری شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمەڵێکی بەرچاو لە چەکی قورس و نیوەقورس لە شارە سنوورییەکاندا جێگیر کران.

یارییەکی مەترسیدار کە، وەک پیشە و پیلانی هەمیشەیی هەنگاوەکانی ڕاستەوخۆ خۆی ئەنجامیان نادات و بە ئەکتەرە خاوە ناوچەییەکان جێبەجێیان دەکات بەو جیاوازییەوەکە، شوێنی یارییەکەی لەناو خاکی کوردستانە و ئەمەش وەک شرۆڤەکاران دەڵێن خاڵێکی جەوهەرییە کە دەبێتە هۆکاری دۆڕانی ڕێژیم و شکستی پیلانەکەیان.

پاش قسە بێنێوەڕۆکەکانی خامنەیی، ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٣ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی پاسداری تێرۆریست "محەممەد حوسێن باقری" سەرۆکی ستادی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم وەک پێی ڕاسپێردرابوو، باسی ئەوەی کردووە ئەگەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان چارەسەر نەکرێت، ئەو پرسە دەبێتە هۆی نائارامی لە ناوچەکەدا.

پێش لەم پاسدارەی ڕێژیمیش سەرۆکی شۆرای بەرزی ئەمنیەتی ڕێژیم، عەلی شەمخانی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٠ی ڕەزبەر لە چاوپێکەوتن لەگەڵ ژنراڵ "حەلوسی ئاکار" سەرۆکی ستادی هاوبەشی ئەرتەشی تورکیە باسی لەوە کردبوو کە دەبێ پێش بە کاریگەری و باندۆڕەکانی ڕێفراندۆم بگرین.

ناوبراو کە ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی باشوور بە هەوڵێکی خۆسەرانە ناو دەبات و بە کارێکی نەشیاو و نابەرپرسانە وەسف دەکات وتوویەتی: ئەم هەوڵەی هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆی ناسەقامگیری ناوچە.

لە درێژەی بێڕێزییەکانیشیدا بەرامبەر بە ئیرادەی گەلی کورد لەم پارچەی نیشتمان، هەوڵ دەدات گشتپرسی ببەستێتەوە بە لایەنە بیانییەکان و بۆ پەلهاویشتنی زیاتری تێرۆریزم.

ئەوەیکە پڕئاشکرایە ئەوەیە کە، ڕێفراندۆم ئاشتیخوازانە و ڕەواترین شێوازە بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس کە تەنیا سەرەڕۆ و داگیرکەر و تاوانکارەکان دژایەتیی دەکەن و کۆماری پەتوسێدارەی ئیسلامییە کە بە ڕوونی و بەوپەڕی ڕووهەڵماڵاویەوە دژی ڕاپرسی لە گەلێک، هەڕەشە دەکا و دژی دەوەستێتەوە؛ ئەمەش دەرخەری نەفرەت و بێزاری ڕێژیمی ملهۆڕی تارانە لە کورد و پێکهاتنی دەوڵەتی کوردی.

سەربەخۆیی کوردستانی باشوور و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لەو بەشە لە نیشتمان، باڵاکردنی ئیرادەیەکی مافخوازی و ئۆگریی بۆ سەربەستی و ڕزگارییە کە خەڵکێک بە ناوی نەتەوەی کورد و کۆمەڵگای کوردستان دوای سەدان ساڵ ژێردەستی و سەرکوت و زەوتکردنی هەموو ماف و جەوهەری بوون و ژیانیان و خەوشدارکردنی ناسنامەی تاک و کۆ و کۆمەڵگایان، دووبارە دێنەوە نێو مێژوو و ڕێگە نادەن چیدی ستراتژی و سیاسەت و مێژوو و ژیان بە بێ ئەوان بنووسرێتەوە، ئیتر کوردستانیش لانیکەم لە بەشیکی دا وەکوو بکەر و خاوەن ڕوئیایەکی کردەیی لە نێو هاوسەنگی و لاسەنگیەکاندا دەور دەگێڕێ و لە دوورەوە چاو لەدەست نابێ بزانێ چی بۆ دەنووسن.



پێویست بە ئاماژەیە کە لە ڕۆژی بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی و پشتیوانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم پرسە چارەنووسسازە نەتەوەییە، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوشێوەی خوشک و براکانیان لە باشوور شەقامیان کردە گۆڕەپانی جێژن و شایی و خۆشی و لەهەمان کاتیشدا پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە بە خرۆشی شەقام و کۆڵانەکانی شاروگوندەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە جوانڕۆوە هەتا مەهاباد، دوایین بزماریان لە دارەمەیتی فاشیزمی قەومی و تۆتالیتاریزمی زاڵ لە نێو ئێران دا.

## پەیڤ

### زیندانیی سیاسی بوونی نییە

**کەریم پەرویزی**

لە وڵاتێکی ژێر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری و فاشیستیدا، شتێک بە ناوی زیندانیی سیاسی ناتوانێ مانایەکی هەبێ و ئاماژەیەک بۆ شتێکی ڕاستەقینە نابێ. لە ڕاستیدا چەمکی زیندانیی سیاسی دەتوانێ چەمکێکی چەواشەکارانە و بەلاڕێدابەرانە بێ.

زیندان بە پێی مانا و واتای خۆی و ئەو وێنایەی لە زێهنی تاکەکاندا دروستی دەکا، شوێنێکە کە تاکە سەرەڕۆکان و ئەوانەی لە نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکان لادەدەن یان چوارچێوەی ژیانی پێکەوەیی لە کۆمەڵگایەکدا دەخەنە ژێر پێ، تێیدا رادەگیرێن و دەبێ بە شوێنێک کە هەم سزای تاکی سەرەڕۆ و دژبەری یاسا دەدا و هەم حوکمی یاسا دەچەسپێنێ.

لەو کارکردە گشتییەی زینداندا، ئیتر هەر سیستەمێک چ دێموکراتیک و چ نیمچە دێموکراتیک و چ نادێموکراتیک بە پێی بەرژەوەندی و ئاکاری خۆیان کەڵک وەردەگرن و یاسا جیاوازەکان، شێوازی کەڵک وەرگرتن لە زیندان لە سیستەمە جیاوازەکاندا دەستنیشان دەکەن.

لە ڕێژیمێکی فاشیستیی وەکوو کۆماری ئیسلامیدا، فاشیزمی داسەپێنراو و پەیڕەوکراو، هەموو قوژبنێکی ژیان داگیر دەکا و هەموو شت دەکا بە هێڵی سیاسی. لە ڕاستیدا لە ژێر دەسەڵاتێکی فاشیستیدا ئیتر سیاسەت تەنیا بریتی نییە لە بیاڤە گشتییەکان کە تێیاندا دەسەڵاتی حکومەت و دەوڵەت دەستینشان دەکەن، بەڵکوو دەسەڵات و حوکم کردن و سیاسەت سەرتاپای کۆمەڵگا دەتەنێ و تەنانەت لە ڕەنگی جلوبەرگ و شێوازی جلپۆشین و تەنانەت نان و ئاوخواردنی ئاساییشدا ڕەنگ دەداتەوە.

لە ژێر حوکمی فاشیزمدا هەموو کردارێک دەبێ بە سیاسی چوونکە فەرمانی بۆ هەموو شت هەیە و خەڵکیش لە هەموو شتێکی سادە و ئاڵۆز بۆ دژایەتیی فەرمانەکانی کەڵک وەردەگرن.

لە لایەکی دیکەوە دەسەڵاتداریی داسەپێندراو لە ئێراندا تایبەتمەندییەکی دیکەی هەیە کە لە سیستەمە فاشیستییەکانی دیکەش جیاوازتری دەکا، ئەویش بێئەخلاقی بەرامبەر بە هەموو نۆڕمەکانی کۆمەڵگا و جیهانە و جگە لە زمانی زۆر و چەقۆ هیچی دیکە ناناسن. بەو پێیە تایبەتمەندیی ڕێژیمێکی شارلاتانیان تێدا زەق دەبێتەوە. لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا حکومەتی فاشیستی هەموو سنوورەکان

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان

هاونیشتمانییە بەڕێزەکان
ڕۆڵە بەئەمەگ و کوردپەروەرەکانی کوردستان

ڕۆژی دووشەممە ٣ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٥ی سپتامبری ٢٠١٧ی زایینی، گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان، بەپێی بەرنامەی داڕێژراو و سەرەڕای هەموو هەڕەشەکانی وڵاتانی ناوچە و خوێندنەوەی جۆراوجۆری بەشێک لە وڵاتانی جیهان بە سەرکەوتوویی و لە کەشوهەوایەکی بەتەواوی دێموکراتیک و ئازاددا بەڕێوە چوو.

بەمجۆرە ڕۆژێکی گرنگی نیشتمانی و نەتەوەیی لە مێژووی خوێناوی و پڕ کارەساتی کورد و لە هەمان کاتدا تەژی لە خەبات و خۆڕاگری کورد و کوردستان تۆمار کرا، لەسەرخستنی ئەو پرۆسە دێموکراتیکەدا خۆڕاگری و ئیرادەی بەهێزی سەرکردایەتی کورد لە باشووری کوردستان و کۆدەنگی هێزە سیاسییەکانی ئەو پارچەیە لە کوردستان دەورێکی شیاو و شوێندانەر و پڕ لە شانازی گێڕا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە ئارای ئەو پرسە گرینگەدا لە ڕێگای چەند ڕاگەیەندراوی ڕەسمی و دەیان وتووێژی میدیاییدا وێڕای پشتیوانی لە ئەنجام دانی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان، ئەو پرسەی وەک هەلێکی زێڕین و هەنگاوێکی نەتەوەیی و نیشتمانی دانا و داوای لە هەموو ئەندامان و لایەنگرانی خۆی لە باشووری کوردستان، لە وڵاتانی دەرەوە و کوردستانی ڕۆژهەڵات کرد، چی لە توانایان دایە بۆ ئاسانکاری و سەرخستنی ئەو بڕیارە مێژووییە و پشتیوانی کردنی بگرنە بەر و لە هەموو شوێنێک دەنگیان لە پاڵ دەنگی خۆشک و برایانیان لە باشووری کوردستان بێ و پاڵپشتی سەرخستنی ئەو هەنگاوە چارەنووسسازە بن، بە خۆشییەوە لە چوارچێوەی ئەو بڕیار و چالاکی نواندنەدا کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەندامانی حیزب نیشتەجێ لە باشوور لە کارنەڤاڵێکدا بە شێوەیەکی بەرین بەشدار بوون، کە ڕۆژی ٥شەممە ٣٠ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی، لە ناوەندی ٣ی کوردستان لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە و بە وتاری سکرتێری گشتی حیزب و ئامادە بوونی ژمارەیەک هونەرمەند و کەسایەتی بەڕێوە چوو.

لە دەرەوەی وڵاتیش ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە شێوەیەکی بەرین لە کارنەڤاڵەکانی کوردانی تاراوگە لە وڵاتان بەشدار بوون و دەورێکی شیاو و بەرچاویان لە بەڕێوەبردن و بە ئەنجام گەیاندنیاندا گێڕا.

لە نێوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەسەر ڕاسپاردە و ڕێنوێنی حیزب، کۆمەڵە چالاکییەک وەک بڵاوکردنەوەی تراکت، پووستەر و دروشم بەڕێوە چوون. جیا لەوە لە شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، خەڵک بە شێوەیەکی بەرین و کەموێنە ڕژانە سەر شەقام و شوێنە گشتییەکان و بە شادی و شیرینی بەخشینەوە و خوێندنەوەی سروودی نیشتمانی "ئەی ڕەقیب" و دانی دروشمی "قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" و "دێموکرات، دێموکرات" و شەکاندنەوەی ئاڵای کوردستان هەستی خۆشحاڵی خۆیان لە بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی پرۆسەی گشتپرسی دەربڕی. هەر لەو پێوەندییەدا، لە کەمپەینێکدا کە لە لایەن تەشکیلاتی حیزبەوە بۆ پشتیوانی لە گشتپرسی و سەربەخۆیی کوردستان پێکهات زیاتر لە ٢٠ هەزار کەس بەشدار بوون.

لەو پێوەندییەدا پێویستە سپاس و پێزانینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاراستەی هەموو ئەو کەس و ئۆرگان و خەڵکە بەهەستە بکەین، کە لە ئەنجام دان و بەڕێوەبردنی ئەو چالاکییانەدا بەشدار بوون و دەوری بەرچاویان گێڕاوە.

ئەو چالاکییانە لە نێوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە کاتێکدا بەڕێوە چوون کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، شارەکانی کوردستانی بە هێزی نیزامی و ئیتلاعاتی و ... تەنی بوو و لە سنوورەکانیش جموجۆڵی وە ڕێ خست، بەڵام بە هۆی بەربڵاوی خەڵک بۆ پێشوازی لە گشتپرسی توانای سەرکوتی خەڵکیان لێی بەربەست کرا بوو، بەو حاڵەش ژمارەیەک لە خەڵک لە شارەکان دەستبەسەر کراون و ڕەوتی گرتن هەروا درێژەی هەیە.

گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان، ئەو ڕاستییەی سەلماند کە سەرەڕای هەر جۆرە جیاوازی بۆچوون لە نێوان هێزە سیاسییەکان، خەڵکی کوردستان لە بڕیارە نەتەوەیی، نیشتمانی و چارەنووسسازەکاندا هەموو یەکدەنگ، یەکهەڵوێست و یەکهەنگاون و بەم کارەیان دوژمنانی کورد و کوردستانیان لەگەڵ نائومێدی بەرەوڕوو کردەوە.

گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان و هەڵوێستی دژبەرانە و دژ بە ئازادی کورد، دەوڵەتانی ناوچە و ڕاسپاردەکانی وڵاتانی دیکە بۆ پاشگەز بوونەوەی کورد لە گشتپرسی و یا وە دوا خستنی، جارێکی دیکە نێوەڕۆکی دژبەرانەی هەر کام لەو وڵاتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە بە دنیا نیشان دا و لە ڕاستیدا تاقیکارێک بوو، کە کورد بەگشتی دۆستان و دوژمنانی ناوچەیی و جیهانی خۆی باشتر بناسێ و لە پێوەندییەکانی خۆیدا لەگەڵ هەر کامیان ئەو ناسیاوییە ڕەچاو بکات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان پیرۆزبایی لە سەرکردایەتی کورد، خۆشک و براکانمان لە باشووری کوردستان و هێزە سیاسییەکانی و سەرجەم ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و دنیا دەکات و ئاواتی ئەوە دەخوازێ ئەم هەنگاوە سەرەتای کۆتایی هاتن بە نەهامەتی و ڕەنج و ئازارەکانی کورد لە باشووری کوردستان بێ و بەدیهێنەری ئاوات و ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیان بێ، کە بێگومان لە سەر چارەنووسی کورد بە گشتی شوێندانەر دەبێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی

٤ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی
٢٦ی سێپتامبری٢٠١٧ی زایینی

# حیزبی دێموکرات: ڕێژیمی ئێران تۆڵەی شکستە سیاسییەکانی خۆی لە خەڵکی ئاسایی دەکاتەوە

ڕێژیم شایی خەڵک بە میلیتاریزەکردنی شارەکان وەڵام دەداتەوە"

هاونیشتمانیانی بەڕێز
کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانی جیهان

ڕۆژی ٣ی ڕەزبەری ١٣٩٦ بەدوای بەڕێوەچوونی گشتپرسی لە کوردستانی عێراق بۆ دەنگدان لەسەر چارەنووسی نەتەوەی کورد لەو بەشەدا، خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەنیشانەی هاوپێوەندیی نەتەوەیی و دەربڕینی هاوسۆزییان، بە شێوەیەکی ئاشتیانە و تەنیا بە شایی و خۆشیی مەدەنیانە، ڕژانە شەقامەکانی شارەکانی کوردستان و لە کۆبوونەوە و کۆڕی دەیان هەزارکەسیدا، شایی و خۆشیی خۆیان بۆ ئەو ڕۆژە مێژووییە دەربڕی. ڕۆژێکی مێژوویی کە لەودا هاوزمان و هاونەتەوەکەیان لە بەشێکی دیکەی کوردستان بە ڕێگەی دێموکراتیک و ئاشتییانە و بە میکانیزمی گشتپرسیی هێمنانە ڕای خۆیان لەسەر چارەنووسی خۆیان دەربڕی و هەر وەک ئاکامەکەشی ڕاگەیەندرا بە زۆرینەیەکی یەکجار بەرچاو، واتە بە ڕێژەی ٩٢.٧٣٪ دەنگیان بۆ سەربەخۆبوونی کوردستانی باشوور دا.

کۆماری ئیسلامی کە ماوەیەکی زۆرە هێز و چەک و تەقەمەنیی زۆری هێنابووە ناوچە سنوورییەکان و هەڕەشەی ئەوەی دەکرد کە دژی بەڕێوەچوونی گشتپرسی لە کوردستانی باشوور دایە و ئەو گشتپرسیە ئاژاوە لە ناوچە پەرە پێ دەدا و تیرۆریستان پێی بەهێز دەبن، لە بەرامبەر شایی و خۆشیی ئاشتیانە و ئاسایی خەڵکی شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا حەپەسا و دەستی دایە ئاژاوەنانەوە و کردەوەی دڕندانەتر لە تیرۆریستی.

تەنیا تاوانی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەوە بوو کە بە نیشانەی خۆشی و هاوسۆزی لە گەڵ هاوزمان و هاونەتەوەکانیان لەوبەری سنووری داسەپاوەوە، شایی مەدەنییان دەربڕی و بەپێچەوانەی کۆماری ئیسلامی کە هەڕەشەی لە بەڕێوەچوونی ئەو گشتپرسیە دەکرد، خەڵکی ڕۆژهەڵات بەپێشوازییەوە چوون و ئەمە هەموو هەڕەشە و پیلانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی تارانی کردە بڵقی سەرئاو و سپای پاسداران و دەزگا ئیتلاعاتیەکانی ڕێژیم کەوتنە تۆڵەکردنەوە لە خەڵک.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە زۆربەی شارەکانی کوردستانی ئێراندا بە سەدان کەس لە خەڵکی ئاسایی لە لایەن دام و دەزگا ئیتلاعاتی و سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە دەستبەسەر کراون و لە چارەنووسیان زانیاریەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نیە. هەر لەم ڕۆژانەدا هێزێکی ئێجگار زۆری پاسدار، بە چەک و تەقەمەنیی قورسەوە ڕەوانەی نێوشارەکانی کوردستانی کردووە کە لە شەڕێکی دوو ئەرتەشی پۆشتە و پەرداخدا ئەو چەکە قورسانە بەکار دەبرێن، نەک بۆ داپڵۆسینی خەڵکی مەدەنی لە نێو شاردا.

کۆماری ئیسلامی بۆ جارێکی دیکە سەلماندیەوە کە هەموو هەڕەشە و گوڕەشە دەرەکیەکانی پووچەڵ و بێبنەمان و تەنیا توانای داپڵۆسین وسەرکوتی خەڵکی مەدەنی و بێتاوانی هەیە و تۆڵەی شکستە سیاسیەکانی لە خەڵکی ئاسایی دەکاتەوە.

ئەو شایی و خۆشیەی خەڵکی شارەکانی کوردستانی ئێران سەلماندیان کە بەپێچەوانەی سیاسەتە نگریسەکانی ڕێژیم، نەتەوەی کورد وشیار و ئاگایە و لەبەردەم چەواشەکاریەکانی کۆماری ئیسلامیدا چۆک دانادا.

ئێمە وێڕای مەحکوومکردنی ئەو کردەوە دڕندانەیەی کۆماری ئیسلامی، داوادەکەین هەرچی زووتر دەستبەسەرکراوەکان ئازاد بکرێن و هەموو ئەو هێزە نیزامیانە ببردرێنە دەر لە نێو شارەکانی کوردستان و بگەڕێندرێنەوە بۆ ئەو شوێنانەی لێوەی هێنراون.

داوا لە هەموو کۆڕو کۆمەڵە سیاسی و ناوەندەجیهانیە پێوەندیدارەکان دەکەین کە گوشار بۆ کۆماری ئیسلامی بێنن کە هەرچی زووتر دەستبەسەرکراوەکان ئازاد بکرێن و شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە هێزی نیزامی چۆڵ بکرێن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٦ی ڕەزبەری ١٣٩٦
٢٨ی ٩ی ٢٠١٧

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی کۆچی‌دوایی مام جەلال



لەدەستدانی مام جەلال، خەمێکی سەرتاسەرییە

هاونیشتمانیانی بەڕێز
خەباتکارانی کورد

یەکیەتیی نیشتمانیی دۆستمان
بەداخەوە ڕۆژی ١١ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی، ٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ی زایینی، کوردستان کەسایەتییەکی گەورەی لە دەست دا کە زیاتر لە نیو سەدە لە ژیانی لە پێناوی ڕزگاریی نیشتمانی و بەختەوەریی خەڵکدا تێپەڕ کرد.

بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی، مام جەلالی تێکۆشەرانی کورد، هەر چەند لە گوندێکی کوردستان لە بناری شاخێک لەدایک بوو، بەڵام خەبات و تێکۆشان و هەوڵە ماندوویینەناسانەکانی لە پێناوی نیشتمان و خەڵکەکەیدا کردی بە کەسایەتییەکی کوردستانی و ناوچەیی و جیهانی.

بەڕێز مام جەلال سکرتێری حیزبێکی شۆڕشگێڕ و خەباتکار بوو، کە لە قۆناغە دژوارەکانی ژیانی کوردستانی عێراقدا دایمەزراند و ئەم حیزبە چەندین قۆناغی گرنگ و هەستیاری مێژوویی تێپەڕاند.

بەداخەوە نەخۆشی مام جەلالی لە دونیای سیاسەتی کوردستانی دوور خستەوە و بۆشاییەکی بەرچاوی لە ڕیزی سیاسەت و خەبات لە کوردستانی عێراقدا دروست کرد و لەدەست دانی هەتاهەتایی ئەو کەسایەتییە گەورەیە، زیانێکی گەورە بە جەستەی خەبات و سیاسەت لە کوردستانی عێراق و حێزبە تێکۆشەرەکەیەوە دەبێ، کە تەنیا بە هاوئاهەنگی و تەبایی و پێکەوە بوون دەکرێ ئەو خەسارە تا ڕادەیەک قەرەبوو بکرێتەوە.

مام جەلال دۆستێکی گرانقەدری حێزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەبات لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو و لە ڕۆژە دژوار و سەختەکاندا، دۆست و هاوپەیمانی دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکرات بوو، کە لە دەست دانی ئەو کەسایەتییە بۆ حیزبی دێموکراتیش داخێکی گەورەیە کە زامە گەورەکانمان دەکولێنێتەوە.

ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا وێڕای سەرەخۆشی لە کەسوکار و بنەماڵەی بەڕێزی مام جەلال، بەتایبەت هاوسەر و کوڕەکانی، هاوخەمی خۆمان لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی و سەرکردایەتی و هەموو ئەندامانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دەر دەبڕین. سەرەخۆشی لە گەلەکەمان بەتایبەت لە کوردستانی عێراق دەکەین. وێڕای دەربڕینی پەژارەمان بۆ لە دەست دانی ئەو کەسایەتییە گەورەیە، دووبارە جەخت لە هاوئاهەنگی و تەبایی و پێکەوە بوون چ لە نێو ڕیزەکانی حێزبە دۆستەکەمان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و چ لە نێو هەموو حیزب و لایەنی سیاسی و خەباتکارەکانی کوردستانی عێراق دەکەینەوە، کە ئەم بڕگە هەستیارەی مێژووی ئەو بەشە لە نیشتمانمان، لە ژێر خەمێکی وەها گەورەدا تەنیا بە پێکەوەبوون دەتوانێ بە سەرکەوتنی مەزن بگات.

ڕۆحی مام جەلال شاد،
سەبووری و خۆڕاگری بۆ ئازیزانی،
تەبایی و سەرکەوتن بۆ خەبات و تێکۆشان لە کوردستاندا

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسیی
١٢ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی
٤ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ی زایینی

# مستەفا هیجری بە بۆنەی کۆچی‌دوایی مام جەلال پەیامێکی ماتەمینی بڵاو کردەوە



"مستەفا هیجری" سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە پەیامێکدا سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی گەلی کورد، سەرکردایەتی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان و بنەماڵەی مام جەلال کرد.

دەقی پەیامەکە:

بەڕێزان ئەندامانی بنەماڵەی مام جەلال تاڵەبانی

مام جەلال دوای تەمەنێک لە خەبات دژی پێشیلکاری مافی کورد و خەبات بۆ ڕزگاری نەتەوەکەی بەداخەوە کۆچی‌دوایی کرد.

کەسایەتی بەرزی مام جەلال لە بواری سیاسی و پێشمەرگایەتی و ئەزموونێکی زۆر کە لەو بوارانەدا بە دەستی هێنابوو، هەموویان بەستێنسازی ئەو شوێندانەرییە بەرچاوە بوون کە لە ململانێی خەبات دژی دوژمنانی گەلەکەی بەڕێزیانی کردبووە خەباتکار و سیاسییەکی سەرکەوتوو و بەرچاوی دۆزی کورد و نێونەتەوەیی.

بۆیە لە دەست دانی مام جەلال بەتایبەت لەم هەلومەرجە ئەستەم و ناسکەی خەباتی کورد لە باشوور خەسارێکی گەورە بوو؛ بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لە دەستچوونی دۆستێکی بەوەفا و لەمێژینە بوو، کە لە سەردەمی شەهید دوکتور قاسملوو ئەو دۆستایەتییە بناغەی دامەزرا و تا ئاخر بەردەوام بوو.

بە بۆنەی ئەم ڕووداوە پڕ لە ماتەمەدا سەرەخۆشی خۆم پێشکەش بە گەلی کورد، سەرکردایەتی و ڕیزەکانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان و بەتایبەت بنەماڵەکەیان، بەڕێزان هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدی هاوسەری و کوڕەکانی کاک پاڤڵ و کاک قوباد دەکەم.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی
مستەفا هیجری
١٢ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی
٤ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ی زایینی

سەر لە بەیانی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٤ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی مستەفا هیجری، بەشداری لە مەراسمی بەخاک سپاردنی بەڕێز، مام جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان و سەرکۆماریی پێشووی عێراق کرد.

ڕێورەسمەکە بە بەشداری ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە هەیئەتی رەسمی وڵاتان و هێز و لایەنە سیاسیەکانی کورد و باقی نەتەوەکانی تر، لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی دەستی پێ کرد و بەدانانی تاجە گوڵینە لە سەر تەرمی مام جەلال دەستی پێکرد.

دوای نیوەڕۆ بۆ جاری دووهەم هەیئەتی حیزب بە سەرپەرەستی مستەفا هیجری، لە دەباشان، شوێنی بەخاک سپاردنی سەرکۆماری پیشووی عێراق، بەشداری لە بەخاکسپاردنی تەرمی مام جەلالدا کرد.

هەر لەو ڕێوڕەسمەدا هەیئەتی حیزب چاوی بە ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزو لایەنە کوردستانییەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان کەوت و هاوخەمی حیزبی دێموکراتیان بە ڕێبەرایەتیی یەکیەتیی نیشمانی و بنەماڵەی تاڵەبانی ڕاگەیاند.

پێویست بە ئاماژەیە پاش کۆچی دوایی مام جەلال، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و هەروەها بەڕێز مستەفا هیجری پەیامێکی سەرەخۆشی ڕوو لە بنەماڵەی مام جەلال و یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان نارد.

# حیزبی دێموکرات و پارتی سووسیالیستی کوردستان کۆ بوونەوە

PSK

حیزبی دێموکرات و پارتی سووسیالیستی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکدا دوایین ئاڵوگۆڕەکانی کوردستانیان تاوتوێ کرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٤/٧/١٣٩٦ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٦/ ٩/ ٢٠١٧ی زایینی، شاندێکی پارتی سووسیالیستی کوردستانی باکوور بە سەرپەرەستی مەسعوود تەک سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لە لایەن مستەفا هیجری سکرتێری گشتی حیزب و ژمارەیەک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسییەوە پێشوازیان لێ کرا.

لەم سەردانە دۆستانەدا، باسێکی سیاسی لەسەر دۆخی کورد بە گشتی خەبات و تێکۆشانی هەر کام لە پارچەکانی کوردستان بەتایبەت باشووری کوردستان، پرسی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان، ئاستی بەشداریی کۆمەڵانی خەڵکی باشووری کوردستان و پێشوازی لەم هەڵمەتە سیاسی و نەتەوەییەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی باشووری کوردستان، پەیامێکی ئاشتیخوازانە و مافخوازانەی نەتەوەی کوردی بە ڕای گشتی و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دا.

هەروەها لە بەشێکی دیکەی باسەکەدا، ئاوڕێک بە هەڵوێستی ئەرێنی وڵاتانی ناوچەی پێوەندیدار بە پرسی کوردەوە باس کرا، لەم پێوەندییەشدا هەر دوو حیزبی دۆست لەو باوەڕە دان، کورد بۆ لێک تێگەیشتنی پتر لەگەڵ ئەو لایەنانە پێویستە ڕێگای دیالۆگ بگرێتە بەر و تاکە مەرجی زاڵ بوون بە سەر ئەم دۆخەدا یەکیەتی و یەکڕیزی لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان و پشت بەستنیان بە هێزی گەل و ئیرادەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستانە.

لە کۆتایی ئەم باسەدا مستەفا هیجری جارێکی دیکە لەسەر پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پارتی سووسیالیستی باکوور جەختی کردەوە و بەڕێز مەسعوود تەک و ئەندامانی شاندی هاوڕێی، سپاسی مستەفا هیجری و هاوڕێیانی دەفتەری سیاسییان بۆ ئەو پێشوازییە دۆستانەیە کرد.

مەسعوود تەک وتی: سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات و ڕۆڵی گرینگ و شوێندانەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕوانینی دۆستانە و نەتەوەیی بە نیسبەت خەباتی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە کەس شاراوە نییە و ئەم هەڵوێستانە بۆ هەمووان جێی ڕێزن و بەتایبەت لەم دۆخە سیاسییەدا کە ڕێژیمی ئێران دژایەتی کورد و نکۆڵی لە مافەکانی دەکات. ئەرکی نەتەوەییمان ئەوەمان لێ دەخوازێ زیاتر هاوکاری حیزبی دێموکرات بکەین و ئامادەی ئەو هاوکارییەین و هیوای سەرکەوتن بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەخوازین.

# بەشداریی شاندێکی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات، لە کۆبوونەوەی ناساندنی ڕێکخراوی دۆستایەتی جیهانی کورد "وەکفا"

شاندێکی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات، بەشداریان لە ڕێوڕەسمی ناساندنی ڕێکخراوی دۆستایەتی جیهانی کورد "وەکفا" کرد و کارەکانی ئەم ڕێکخراوەیان بەرز نرخاند.

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی، شاندێکی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە هەولێر، بە سەرپەرەستی "محەممەد سالّح قادری" بەرپرسی پێوەندییەکانی هەولێر، لە سەر بانگهێشتی ڕێکخراوی دۆستایەتی جیهانی کورد "وەکفا" بەشداریان لە ڕێوڕەسمی ناساندنی ئەم ڕێکخراوە کە ڕێکخراوەیەکی نێونەتەوەیی بۆ دۆزینەوەی دۆستی جیهانی بۆ کوردە و لە وڵاتی نورویژ دامەزراوە، کرد.

شایانی باسە، لەو کۆبوونەوەیەدا باس لە ئەرکەکان و ئامانجی ڕێکخراوکە کرا، مەبەستیان لە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەیە، ڕاکێشانی ڕای شەقامی جیهانی و دۆستانی کورد لە جیهاندا بۆ دۆزی کوردە. لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا باس لە کار و چالاکییەکانی ڕێکخراوی ناوبراو لە کوردستان و دەرەوە کرا.

نوێنەری حیزب وێڕای پیرۆزبایی لە ڕێکخراوی "وەکفا" و بەپێویست زانینی چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوەیە لە هەندەران بۆ دۆزینەوەی دۆست و لۆبیگەری بۆ کوردستان لە قۆناغی ئێستادا، چاوی بە کۆمەڵێک کەسایەتی بەشداری مەراسمەکە و چالاکڤانانی بیانی ڕێکخراوی ناوبراو کەوت و وێڕای دەستخۆشی لە هەنگاوەکانیان بۆ خزمەتی کوردستان، تیشکی خستە سەر بارۆدوخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چۆنیەتی هاوکاریی ڕێکخراوی ناوبراو لەم بەشەی لە نیشتماندا باس کرد.

# تەڤگەڕی دێموکراتیکی کوردستان سەردانی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کرد



تەڤگەڕی دێموکراتیکی کوردستان بە سەرپەرەستیی "باران بوسکان" سەردانی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە هەولێر کرد.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٥ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی، هەیئەتێکی تەڤگەڕی دێموکراتیکی کوردستان ، سەردانی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە هەولێر کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی " محەممەدسالّح قادری" بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە شاری هەولێر بە گەرمی پێشوازیان لێکرا.

لەو دیدارەدا، محەممەدسالّح قادری وێڕای بەخێرهاتنی میوانەکان، باسی لە قۆناغی نوێی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چالاکیەکانی حیزبی دێموکرات لەپێوەندی لەگەل خەباتی شاخ و شاردا کرد و خرۆشانی خەڵکی شارەکانی ڕۆژهەلات لە بۆنە جیاجیاکاندا، بەکاردانەوەی ئەم قۆناخە نوێیەی خەبات زانی کە شانبەشانی هێزە سیاسییەکان لە ئیرادەی نەتەوەیی خۆیان خاوەنداریەتی دەکەن.

لەو سەردانە و چاوپێکەوتنەدا، هەیئەتی میوان سپاسی پێشوازی حیزبی دێموکراتیان لە وەفدەکەیان کرد.

دواتر باران بوسکان بەرپرسی شاندی مێوان وێڕای خستنە بەر باسی ڕێفراندۆم لە هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی وەک دەرفەت، تیشکی خستە سەر ڕەوشی باکووری کوردستان لە ئێستادا.

دواتر هەیئەتی هەر دوو لایەن، باسێکیان سەبارەت بە ڕووداوەکانی ناوچە و دەرەفەتەکانی بەردەم کورد و پیلانەکانی داگیرکەران کرد و یەکڕیزی و هاوکاری نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە زامنی سەرکەوتن زانی و لەم پێوەندییەدا دڵخۆشی و دەستخۆشی خۆیان سەبارەت بە یەکڕیزی هێزەکانی باشووی کوردستان دەربڕی کە وێڕای زۆر گوشار و پیلانی نەیاران، توانیان پرۆسەی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی بە سەرکەوتنەوە ئەنجام بدەن.

# بۆ پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان چالاکیی تەبلیغیی بەڕێوەچوو

خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان چالاکیی تەبلیغاتیی بەڕێوە برد.

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بۆ پشتیوانیی لە ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لە شار و گوندەکانی کوردستان چالاکیی پێوەندیدار بەو ڕۆژەوە بەڕێوە دەبەن.

لەو پێوەندییەدا لە شاری شنۆ وگوندەکانی "خاڵتاوێ، قروشاوێ، نەرزیوێ" چالاکیی تەبلیغی بۆ دەوڵەتی کوردیان بەڕێوە بردووە.

قارەمانانی دێموکرات لە شاری سەقز لە کوچە، کۆڵان و گەڕەکانی ئەو شارە بە مەبەستی پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

هەروەها ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری بانە بە بۆنەی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لە شوێنەکانی وەک: "شارەکی نوور، شارەکی جیهاد، کەمەربەندیی ١و٢، میدیای شوڕا، تێرمینالّی ئارمەردە، تێرمینالّی سەردەشت، سێ ڕای هەمزاوا و مەیدانی ئازادی چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە شاری سەقز سەرەڕای زاڵ بوونی کەشی پۆلیسی و خەفەقان بەسەر ئەم شارەدا کە هاوشێوەی شارەکانی دیکەی کوردستان بەشێوەی ڕانەگەیندراو حکومەت نیزامی تیدا بەڕێوە دەچێ، کۆمەڵیکی بەرچاو ئالای کوردستانیان لەنێو ماڵ و دوکانەکان بڵاو کردوّتەوە.

ئەو شوێنانەی ئەم چالاکییەی تێدا بەڕێوەچووە بریتین لە کانی گەرمکاو، بلواری تەربیەت و سێ ڕێیانی بەردبڕان.

هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات شەوی ٤ لەسەر ٥ی ڕەزبەر لە سەر پێچی کانی گەرمکاو دیوارێکیان بە ئالای سێ ڕەنگی کوردستان نەخشاندووە.

هەر هەمان شەو ئەڤینداراانی نیشتمان ئالایەکی ١٢ میتری کوردستانیان لە مەیدانی هەڵۆی سەقز هەڵکرد کە لەکاتی هەڵکردنی ئالاکە دژی گەلییەکانی ڕێژیم پەلاماری لاوانی دەروەستیان دا و لە ئەنجامی تێکهەڵچوونێک کە روویدا مەئمورێکی ڕێژیم بە سەختی بریندار کرا و هەنووکە لە نەخۆشخانەدا خەویندراوە.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردپەروەر و دڵسۆزی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە ئەنجامدانی چەندین جۆر چالاکی تەبلیغی لەوانەش بڵاوکردنەوە و هەڵکردنی ئالای کوردستان، نەخشاندنی دیوارەکان بە ئالای کوردستان، نووسینی درووشمی پێوەندیدار بە سەربەخۆیی و ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی لە باشوری کوردستان پشتگیری خۆیان لەم پرۆسە گرینگە مێژوویە دەربڕی.

هەنووکە باس و خواستی سەرەکی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بریتییە لە پرسی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی.

# پارتی ئازادیی کوردستان ـ باکوور: پشتیوانیی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان نەترسانە بوو

شاندێکی پارتی ئازادیی کوردستان ـ باکوور، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لە بارەی باردۆخی کوردستان و ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان وتوویژیان کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٩ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی، شاندێکی پارتی ئازادیی کوردستان ـ باکوور بە سەرپەرەستیی "مستەفا ئوزچیلیک" سەرۆکی ئەو پارتە، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لە لایەن "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و ژمارەیەک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیی و کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات پێشوازییان لێ کرا.

لەو دانیشتنەدا "مستەفا ئوزچیلیک" باسی ئەوەی کرد، سەردانەکەمان بە مەبەستی پرسی ڕێفراندومی باشووری کوردستانە و هەروەها باسێک لەسەر ڕەوشی باشووری کوردستان لە پێوەندی بە پرسی ڕێفراندومی سەربەخۆیی کوردستانە.

ئوزچیلیک، هەروەها باسی ئەوەی کرد، ئێمە و پارتی سووسیالیستی باکوور و پارتی دێموکراتی باکوور کۆمەڵێک کۆڕ و کۆبوونەوەمان بۆ پشتیوانی لە ڕێفراندوم بەڕێوە برد و کەسایەتییە سیاسییە کوردەکان، هەندێک لە پارلەمانتاران و ڕۆژنامەنووسان و بەرپرسانی حکوومەتیش لەم پرۆسەیە پشتیوانییان کرد. لەگەڵ ئەوە شەڕی خەندەقەکان شوێندانەری نەرێنی لەسەر بەشێک لە خەڵک بوو، بەگشتی ڕای گشتیی کورد لەگەڵ ڕێفراندۆم بوو؛ هەروەها ئوزچیلیک گوتی: دەوری خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان زۆر باش و پشتیوانییەکی گرینگ و نەترسانە بوو.

لە پێوەندی لەگەڵ ڕەوشی ئێران، هەڵویستی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێشوازی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، "مستەفا هیجری" باسێکی سیاسیی پێشکەش کرد و باسی ئەوەی کرد وێڕای دوژمنایەتی ئاشکرای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ پرسی ڕێفراندوم، گەلی خۆرهەڵاتی کوردستان بوێرانە هاتنە سەر شەقامەکان و پشتیوانی خۆیان لە پرسی ڕێفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانی باشوور دەربڕی و بە کردەوە نیشانیان دا گوشاری ڕێژیم و پیلانی نەیارانی کورد ناتوانێ پێش بە کاروانی خەباتی گەلەکەمان بگرێ.

هەروەها هیجری گوتی: پرسی ڕێفراندۆم لە زۆر بارەوە خاڵی ئەرێنی بوو و یەک ئیرادەیی و یەک گوتاری کوردیان بە کۆمەڵگای جیهان نیشان دا.

دوای ئەو باسە، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات وڵامی کۆمەڵێک پرسیاری پێوەندیدار بەم بابەتە، کە لە لایەن هاوڕێیانی پارتی ئازادییەوە هاتە ئاراوە، دایەوە.

# پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات ساغ و سڵامەتن



تۆپبارانەکانی سپای تێرۆریستیی پاسدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، هیچ کاریگەرییەکی لەسەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەبووە.

لە دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵێک لە هەندێک هەواڵدرییەکان لەو بارەیە کە لە ئەنجامی تۆپبارانەکانی سپای تێرۆریستی پاسدارانی ڕێژیمی ئێران، ١٨ پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەهید بوونە؛ ئەم هەواڵە هیچ بنەمایەکی نییە و دوور لە ڕاستییە.

بەپێی ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتانەی کە لە هەندێک هەواڵدرییەکان بڵاو کراوەتە، باس لەوە کراوە کە ئەو ١٨ پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئەنجامی تۆپبارانەکانی سپای تێرۆریستی پاسدارانەوە شەهید بوونە، بەڵام ئەم هەواڵە ڕاست نیە و تەنیا بەلارێدابردنی بیرورای گشتییە.

تۆپبارانەکانی ڕێژیمی تێرۆریستیی ئێران هیچ زیانێکی بە هێزەکانی پێشمەرگە نەگەیاندووە و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات ساغ و سڵامەتن.

ڕۆژی یەکشەممە ڕیکەوتی ٢ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی کاتژمێر ١٢ و ٤٠ خولەک تۆپخانەکانی سپای تێرۆریستی پاسدارانی ڕێژیمی ئیسلامی تاران لە کێلەشینەوەی هێرشیان کردە سەر خاکی کوردستانی باشوور.

بەهۆی ئەم تۆپبارانەوە بەشێک لە ژینگەی ناوچەی سیدەکان تووشی خەسار بووە و هیچ زەرەرێکی گیانی لێنەکەوتۆتەوە.

## درێژەی پەیڤ

دەبەزێنی و دەبێ بە حکومەتی شارلاتانەکان؛ لەوەها سیستمێکدا، ئیتر زیندانی مانایەکی نییە، بەڵکوو ئەوانەی کە دەسبەسەریان دەکا بارمتە یان گرەوگانن، کە شارلاتانەکان لەبەرامبەر ئازادکردنیاندا پارە وەردەگرن. بەو پێیە لە کۆماری ئیسلامیدا هەموو شت دەبێ بە مەوزووعی سیاسەت؛ حکومەت لە ڕێگا و شێوازی شارلاتانی، بۆ سەپاندنی حوکمەکانی کەڵک وەردەگرێ و کوردبوون خۆی ئەوپەڕی سیاسەتە لە ئێراندا!

لێرەوەیە کە بەباشی تێدەگەین کە بۆچی کۆماری ئیسلامی لە رووداوێکی ئاسایی وەکوو خۆشی دەربڕینی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بە سەدان کەس بە بارمتە دەگرێ و بە بنەماڵەکانیان دەڵێ کە دەبێ گرەوێکی سەد میلیۆن تمەنی دابنێن تا ئازیزەکانتان بەر بدەین!

لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتێکی فاشیستی شارلاتانیدا، زیندانی هیچ مانایەکی نییە تاکوو جۆرە سیاسییەکەشی هەبێ! بەڵکوو وەک لە کردەوەشدا سەلماندوویانە، ئەوان خەڵک بە بارمتە دەگرن تاکوو بە پارەیەک ئازادیان بکەن! ئەوانە زیندانیی سیاسی نین، بەڵکوو گرەوگانن لە دەستی شارلاتانەکاندا.

# سەهۆڵبەردان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا




د. ئیدریس ئەحمەدی

هاتنە ئارای چەکی ئەتۆمی و پەرەئەستاندنی دێموکراسی مەجالی بۆ شەڕی مەزن لە شکڵی شەڕی "جیهانیدا" نەهێشتووەتەوە.

پاش شەڕی دووهەمی جیهانی ململانێی نێوان ئەمریکا و یەکیەتی سۆڤیەت بە هۆی چەکی ئەتۆمییەوە لە شکڵی "شەڕی سارددا" خۆی نواند. ئەو دوو زلهێزە ڕاستەوخۆ بەرەوڕوی یەکتر نەبوونەوە، بەڵکوو شەڕی گەرمیان بە وەکالەت و لە سەر خاکی خەڵکان و وڵاتانی دیکەدا دەکرد.

پەرەئەستاندنی دێموکراسی و پتەوبوونی پەیوەندیی لە نێوان ئەمریکا، وڵاتانی ئەورووپی، ژاپۆن، کورەی باشوور و ئوستڕالیا "بەراییەکی ئاشتی" (zone of peace) لێ کەوتووەتەوە. دێموکراسی هەروەها ڕای گشتی کردووەتە فاکتەری سنووردارکەر، هەڵبەت نەک ڕێگر، لە پەیوەندی لەگەڵ شەڕکردنی وڵاتانی دێموکراتیکدا.

ئەمە بە واتای ئەوە نییە کە نیزامی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی و شەڕی سارد، بێ کێشەیە. سەرەڕای پەرەئەستاندنی دێموکراسی لە ڕۆژئاوا و هێندێک لە وڵاتانی ئاسیایی، لە دەڤەر و شوێنی دیکەی جیهان سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری وێڕای کۆمەڵێک نەخۆشیی سیاسی و نادادپەروەریی بەرۆکی زۆر کۆمەڵگایان گرتووەتەوە. ڕۆژهەڵاتی ناوین پشکی شێری لە درێژەکێشان و قووڵبوونەوەی ئەو جۆرە کێشە و نەخۆشیانە بەرکەوتووە. وەسفکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوین وەک "دڵی جیۆپۆلیتیک" لە جیهاندا ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە. هەڵبەت، لە باتی ئەوەی جێگای شانازی بێ، گوزارشتێکە لە نەهامەتی.

بە پێچەوانەی شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی و دەرکەوتەکانیان، دەرکەوتەی کێشە و شەڕە بچووک و نیمچە مەزنەکانی نزیک بە دوو دەیەی سەدەی بیستویەکەم، هەڵتەکێنەر نین، یان با بڵێین، بە شێوەی یەکلاکەرەوە، نیزامشکێن نین بەڵکوو، ئەو دەرکەوتانە زۆرتر بە ئەسپایی نیزامگۆڕ و لەهەمان کاتیشدا نیزامپارێزن.

ئەمەش وای کردووە ڕووداوەکان ئەوەندە بڕ نەکەن تاکوو ببن بە مێژوو. چەقبەستوویەکی ڕێژەیی لە نێوان نیزامێکی لەرزۆکی جیهانی و داهاتوویەکی ناڕووندا، بەرجەستە بووەتەوە. لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا تەنانەت بەرەودواچوونیش ڕووی داوە؛ شۆڕشەکانی "بەهاری عەرەبی" یان بوون بە خەونەمارانە، یان دزران، یان ئەوەی هێزە دژەشۆڕشگێڕەکان پووچەڵیان کردنەوە.

سەرەڕای دوو شەڕ لە کەنداودا، وێڕای "بەهاری عەرەبی"، شەڕی خوێناویی لە سوورییە و سەرهەڵدان و شکستی "داعش"، نیزامێکی نوێ بەم زووانە نایەتە کایەوە. ئەگەر بێتە کایەوە، ئەوا لە دەرئەنجامی ململانێیی نێوان هێزە نیزامپارێز و نیزامگۆڕەکاندا دێتە کایەوە، ئەویش بە ئەسپایی. لە هەر هەنگاوێک کە دەیهاوێژن، ڕەنگ بێ هێزە شۆڕشگێڕەکان ناچار بن دوو هەنگاو پاشەکشە بکەن.

هیچکام لە هێزە کۆنەپارێزەکان، لە سەرووی هەموویانەوە کۆماری ئیسلامی، کە بەرژەوەندییان لە ڕاگرتنی نیزامی مەوجووددا هەیە، خاوەن هێژمۆنی نین. بە واتایەکی دیکە، هیچکام لە هێزە کۆنەپارێزەکان، توانای ئەوەیان نییە ویستی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنن، تەنیا دەتوانن ڕێگری لە گۆڕان بکەن.

لە لایەکی دیکەوە، ئەمریکا، کە پاش ١١ی سێپتامبێر هەوڵی نیزامگۆڕینی دا، لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا، هەمان ستراتێژی پەیڕەو دەکا کە لە سەردەمی ساردا پەیڕەوەی دەکرد، ئەویش ڕاگرتنی پارسەنگی هێزە. ڕاگرتنی پارسەنگی هێز یارمەتیدەری چەقبەستوویی ناوچەکەیە لەو دۆخی نەهامەتییەدا.

ڕیفراندۆم لە باشوور لە جەوهەری خۆیدا کردەیەکی شۆڕشگێڕانە بوو. بە ڕوونی نیشانی دا ئەو نیزامەی کە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دامەزرا و پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بە لەنێوبردنی کۆماری کوردستان بەردەوام بە زۆر کار بۆ جێکەوتنی کراوە، سەرچاوەی ناسەقامگیریی بەردەوام، شەڕ و نەهامەتییە.

ڕۆژهەڵاتی ناوین وەک "دڵی جیۆپۆلیتیک" دەمێنێتەوە. هەڵبەت شاهیدی سەهۆڵبەردانین لە نیزامی نەخۆشی ناوچەکەدا. ئەو شەڕ و شۆڕشانەی ئاماژەیان پێ کرا، وێڕای ڕیفراندۆمی باشووری کوردستان بۆ سەربەخۆیی، نیشانەی بەرچاوی ئەو ڕەوتەن.

# هەموو ڕێگاکان دەچنەوە کوردستان




کەیوان دروودی

لە دوای ٥٧ و خۆسەپاندنی ڕێژیمی ئیسلامی بەسەر گشتایەتیی جوغرافیای ئێراندا، کوردستان بوو بە مەکۆی گشت لایەنە پەراوێزخراوەکان، ئەو ڕۆژانە زۆر لایەن بوون کە لە نیشتمانی کوردەکاندا داڵدە درابوون، حیزبە کوردییەکان بە سینگ ئاوەڵاییەوە وەریانگرتن. بەرەبەرە هەر هەموو تووشی قەیران بوون و تەنانەت لە هەندێک بڕگەی زەمەنیدا دژی خانەخوێ وەستانەوە. پشکخوازی وایکرد، لەبەر قورس و قایم کردنی هەڵکەوتەی خۆیان لە لای دەسەڵاتی زاڵ، لە نێوان دوو جەمسەری تاران ـ کە پشتی بە فاشیزمی قەومی/ مەزهەبی بەستبوو ـ و بزووتنەوەی کوردستان کە لە شەقام و ماڵەکاندا سەرچاوەی گرتبوو، بژاردەی یەکەم هەڵبژێرن و دژی ئەو ماڵەی پەنای پێیان دابوو بوەستنەوە. لێرە دەرفەت نییە بەسەر گشتیاندا بێینەوە. ئەوانەی چاوێکیان بە مێژووی هاوچەرخدا کێشابێ، دەزانن هیچ کەس و لایەنێک دەستی هەڤاڵایەتیی کوردستانی بە ئەمەگەوە وەرنەگرت و بەردەوام چاوێکی لە تاران بوو. بۆ ئەوەی باسەکە بکەینەوە پێویستە نموونەیەکی بەرهەست و دیاریکراو بێنینەوە. هەر بۆیەش دەچینەوە بە ناو ریفراندۆمی ٥٨ کە لەلای ڕێژیمەوە بۆ ڕاخستنی تفاقی دەسەڵاتێکی تاکحیزبی، ئیدیۆلۆژیک، دواکەوتوو و مەزهەبی ڕێکخرابوو. لەو ناوە کوردستان نەبێ، ئەوانەی خۆیان لە ژێر ناوی مارکسیستی دادپەروەر و دژەئیمپێریالیست و پێشکەوتنخواز پێناسە دەکرد هەر کامە بە لەونێک هەوڵی دەدا چمکێک لە بەناو "سوفرەی ئینقلابی" بەرکەوێ و هەر یەکە بەجۆرێک دەوری خۆی لەو شانۆیەدا ببینێتەوە. ماوەیەک تێپەڕی و بزووتنەوەی کورد لەبەر پاراستنی خەڵکی سیڤیل ڕووی لە چیاکان کرد. لێرە بەدواوە شۆڕش لەبەر فراوانخوازی و پشکخوازیی ئەم لایەنانە کە بەناو سەرانسەری ناودێر دەکرێن، خەنجەری کەرتکردنی لە قەوارەی ئۆپۆزیسیۆنی گشتی دا و ڕێژیم بە بەکارهێنانی هێز، جمگەکانی ژیانی سیاسی، ئابووری و تەنانەت ژیانی ڕۆژانەی گەلانی ناو ئێرانی کردە ئامانج. دوای جێهێشتنی گۆڕەپانی سیاسی ـ کە زیاتر لە ڕمبازێنی نیزامی دەچوو ـ زۆرینەی ڕەهای ئەم لایەنانە لە ژێر ناوی جۆراوجۆری وەک قەومگەرایی، هاودەستیی ئیمپێریالیزم و .. کەوتنە دژایەتیی ئەو ڕێکخراوانەی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کوردستانیان دەکرد و ئەم سیناریۆیە هەتا ئەمڕۆش بەردەوامە.

ئەگەر ئەمڕۆ، کوردستان وەک تاقە یەکەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دینامیکی ناو جوغرافیای ئێران بزۆزیی خۆی ڕاگرتووە، ئەوە بێگومان پێشخانی ئەم حیزب و ڕێکخراوانە لەم رووبەرە، شوێنداریی لەسەری هەبووە. ئیستا کە هیچ ڕێکخراوێکی بە ناو سەرانسەری لە رووبەری ئێراندا بوونی نییە کە بکرێ ناوی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینەی لەسەر دابنین، ئەوە کوردستانە کە بە هەموو ئەو پرۆپاگاندە، شانتاژ و سیناریۆسازییەی لەسەری دەکرێ بەڵام هێشتا ناوەندی خەباتی ڕزگاریخوازانە و دێموکراتیک تەوەرە. بەڵگەش بۆ ئەم قسەیە ڕێژەی بەندکراوانی سیاسی لە هەتاهەتاییەوە بگرە تا قۆڵبەست کرانی یەک مانگە، خۆپیشاندانی جەماوەری، هەڵسووڕانی ناوەندەکانی ژینگەدۆست، ئاژەڵپارێز، ئەنجومەنە ئەدەبییەکان و هەروەها نارەزایەتیی بەربڵاو بە ناوەڕۆکی مافخوازانە و مرۆییە کە دوایین نموونەی نارەزایەتی بۆ پرسی توێژی چەوساوەی کۆڵبەران بوو. بەڵام ئەمانە لە خۆیدا تەنیا یەک دیوی هەڵسووڕان و بزۆزیی جووڵانەوەی کوردستانن. بە دیوێکی تردا ئەم بزووتنەوەیە بە جۆرێک خۆی گرێداوە بە پارچەکانیتری نیشتمانی مێژوویی کوردەکان لە سەرتاسەری ئەم خاکە. گرینگیی ئەم ڕەهەندە لەو ڕووەوەیە کە لە خۆیدا دۆکتۆرینێکی کارایە دژی هەوڵی نەزۆکی وەدەرنانی پرسی کورد لە ناوەوەی ئێران. لێرەدایە کە فاشیزمی قەومی و مەزهەبی دەسلەملان دەبن و ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان دەردەخەن. لە نارەزایەتی بۆ گیرانی ئۆجالان ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستانی باکوورەوە بگرە هەتا دەربڕینی شایی و خۆشحاڵی بۆ بوون بە سەرکۆماری جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە باشوور، کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ ڕۆژئاوا و پشتگیریی بەربڵاو لەو پارچەیە و لە دوایین حاڵەتیشدا پشتگیریی بەرچاو لە بەڕێوەچوونی ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان، گەورەترین نموونە ئۆبژێکتیڤە کرداریەکانی ئەم ڕەهەندەن. لە نزیک یەک مانگی ڕابردوودا گەلێک وتار و لێدوان لە دەرەوە لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی دەسکردی کارتۆنیی ڕێژیمی ئێران بڵاو کراون، لە ناوەڕۆکدا بەگشتی هەوڵیان دا سەربەخۆیی خوازی لە ئاستی ویستێکی نەتەوەیەکی میلیۆنییەوە بۆ نیازی تاکەکەس دابەزێنن. لەلایەکیترەوە هەوڵدرا تاکوو سەرجەم خاڵە پۆزێتیڤەکانی ئەزموونی زیاتر لە چارەکە سەدەیەکی کوردستانی باشوور ـ کە لەبەرەبەرەی ئەوەدایە ئیتر بەیەکجاری خۆی لە سەرئێشەی توندئاژۆیی، خۆتەقاندنەوە و شەڕی فیرقەیی جوغرافیای عێراق ڕزگار بکا ـ لەژێر پرۆپاگاندە بشاردرێتەوە. ئەمە بەردەوام بوو هەتا ڕۆژێک کە ریفراندۆم بەڕێوەچوو. هەرچەند ئەمە لە خۆیدا ئاوێکی سارد بوو بە لەشی فاشیزمی قەومی و تۆتالیتاریزمی حاکمییەت لە ناو ئێران، بەڵام ئەم بە خرۆشی شەقام و کۆڵانەکانی شاروگوندەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە جوانڕۆوە هەتا مەهاباد دوایین بزمار لە دارەمەیتی درا. بەمجۆرە گەڵاڵەی فاشیزمی قەومی زاڵ بەسەر جوغرافیای ئێران، تووشی قەیرانێکی گەورە لە ناوەڕۆک بوو. کاردانەوە هیستێریکەکان ئەوە دەردەخەن کە بۆ یەکەمجار گوتاری فاشیزم تووشی کەرتبوون بووە. ئەم کەرتبوونە لە شێوازی تێڕوانینەکاندا زۆر بەرچاوە، تا ڕادەیەک کە توێژێکی تایبەتیان ئاماژە بە پێویستیی ئاوڕدانەوەی خێرا بە پرسی کورد دەکا و هەرچەند کە پێشنیارەکانیان ڕواڵەتییە بەڵام لەخۆیدا دانپێدانانێکە بە بوونی پارچەیەکی ناتەواو لە پازڵی ئێرانێکی یەکگرتوو کە ئەویش بەقسەی خۆیان پرسی قەومی و لە سەرەوەی هەموویان پرسی کوردە. لێرەوە دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە چ بۆ دێمۆکراتیزاسیۆن و چ بۆ چارەسەری پەتای ڕێژیمی ئیسلامی و تێکشکاندنی وەک پرسێکی پێکهاتەیی ـ سەرانسەری پێویستە بەدوای کلیلێک بگەڕن کە دەمێکە لە دەستی کورد و نیشتمانی کوردەکاندایە. بەو بۆنەوە جارێکیتر پێویستە بە ڕاشکاوی ئەو دەنگە بەرز بکرێتەوە کە ئەگەر بەدوای ڕێڕەو یان ڕێڕەوگەلێکن بۆ چارەسەری هەر یەک لەم کێشانە ئەوە هەموو ڕێگەکان دەچنەوە کوردستان.

# دیپلۆماسیی درۆزنەی نێوخۆیی



ئاگری ئیسماعیل نژاد

کۆتایی مانگی گەلاوێژ لە ڕواڵەتێکیدا کە دەکرێت پێی بڵێین "دیپلۆماسیی درۆزنەی نێوخۆیی" مەجلیسی کۆماری ئیسلامی دەنگی بە ١٦ بەربژێر بۆ ئەنجوومەنی وەزیران دا و بەو شێوەیە دوازدەیەمین ئەنجوومەنی وەزیرانی کۆماری ئیسلامی پێکهات.

جیا لەو باسەی کە لێهاتوویی وەزیرەکان هەتا چەند لەگەڵ دروشمەکانی سەردەمی هەڵبژاردن و ستراتێژی ڕاگەیەندراوی روحانی دەگونجێت، پەراوێزی سیاسی پێناساندنی بەربژێری وەزارەتەکان بە مەجلیس و دەنگهێنانەوە و دەنگ‌نەهێنانەوەی یەکێک لەو بەربژێرانە زۆر ڕاستی نێو سیاسەتی کۆماری ئیسلامی دەرخست.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە بە چ پێوەرێک مەجلیسی ڕێژیم دەنگی بە بەربژێرەکان داوە؟

لە گەرمەی بانگەشەی هەڵبژاردنی خولی دوازدەیەمی سەرکۆماریدا، حەسەن روحانی ڕۆژی ١٩ گوڵانی ١٣٩٦ باسی لە ئێعدام لەلایەن دەزگای دادوەری ڕێژیمی هێناگۆڕێ و ئەو کات زۆربەی لێکۆڵەرە سیاسییەکانی سیاسەتی نێوخۆی ئێران ، باس‌کردن لەوەی "کەسانێک تەنیا کاریان بڕینەوەی حوکمی ئێعدام بووە" گەڕاندەوە سەر ئەو جینایەتانەی کە برایم رەئیسی لە ٦٠کاندا لە دژی بەرهەڵستکارانی ڕێژیم کردوویەتی؛ هەر لەو سەردەمەدا و لە ڕۆژی ٢٠ی گوڵانی ١٣٩٦ خامنەیی لە زانکۆی "ئیمام حوسێن" لە ڕێوڕەسمی کۆتایی خولی ئەفسەری سپادا گوتی: "نابێت وابکەین کە جێگای قوربانی و تاوانبار بگۆڕدرێت".

چەند ڕۆژ پێش ڕاگەیاندنی ناوی بەربژێرەکان و لە ڕۆژی ٦ گەلاوێژی ١٣٩٦دا، ماڵپەری فەرمی عەلی خامنەیی لە ڕوونکردنەوەیەکدا باسی لەوە کرد کە ئەو تەنیا لە هەڵبژاردنی سێ وەزیردا دەم دەکوتێ و لەسەر هەڵبژاردنی سێ وەزیری دیکەش کە چالاکییەکانیان دەکەوێتە جەغزی فەرهەنگ و پەروەردەوە کەڵکەڵەی هەیە، بەڵام دەم ناکوتێ و ڕاستەوخۆ کاری بەسەریانەوە نییە .

هەڵبەت ئەوە هەموو ڕاستییەکان نییە، چونکە کاتێک خامنەیی سێ ساڵی دوایی وەک ساڵی "ئابووری خۆڕاگرانە" ڕاگەیاندووە، چۆن دەکرێت باوەڕ بکەین، کە ئەو لە هەڵبژاردنی وەزیرەکانی بەشی ئابووری هیچ دەم ناکوتێ، ئەمەش سەرەڕای ئەوەیە کە وەزیری وەرزش و لاوانیش هەر چالاکییەکانی دەکەوێتە جەغزی فەرهەنگ و پەروەردە، بۆیە ئەگەر قسەکەی خامنەیی لەبەر چاوبگرین، بێگومان ئەو لە سەر هەڵبژاردنی وەزیری وەرزش ولاوانیش کەڵکەڵەی هەیە، ئەو ڕوونکردنەوەی ماڵپەڕی خامنەیی لە کاتێدایە کە لە ڕێبەندانی ١٣٩٥ لە گرتە دەنگییەکدا کە دوکتور عەبدولکەریم سروش بڵاوی کردەوە ڕایگەیاند کە خامنەیی لە سەردەمی سەرکۆماری هاشمی رەفسنجانیشدا بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆی بابەتی فەرهەنگی لە ئێران لە ژێرچۆکی خۆی ناوە . سروش لەو گرتە دەنگییەدا دەڵێت: هەموو ستراتێژییەکی فەرهەنگی لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی‌دا ڕاستەوخۆ لەلایەن خامنەییەوە دەستنیشان دەکرێت.

هاوکات لەگەڵ ئەو باسانە لە گەرمەی باس‌وخواستی بەربژێری وەزارەتەکاندا، عەلی موتەهەری جێگری سەرۆکی مەجلیسی ئێران باسی ئەوەی هێناگۆڕێ کە پێش مەجلیس، رووحانی ناوی بەربژێرەکان دەدا بە خامنەیی و پاشان بۆ مەجلیسی دەنێرێ.

کەوایە بەپێی وتەی بەرپرسانی ڕێژیم، خامنەیی ڕاستەوخۆ لە هەڵبژاردنی هەموو وەزیرەکانی رووحانیدا دەستی هەیە، ڕەنگە لێرەدا بگوترێ: "بۆخۆت بەخێر بێیتەوە، ئاگات لە کوێیە؟"

دیارە ئەم شێر و ڕێویەم بۆیە هێناوە، بۆ ئەوەی باس لە دیاردەیەکی‌تر بکەم، وەک هەموو دەزانن لانیکەم لە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا بەگشتی و لە دوو هەڵبژاردنی ئەم دواییەی سەرکۆماریدا بەتایبەتی لە وەرزی هەڵبژاردندا، دوولایەنی ریفۆرمخوازی و بناژۆخوازی سەروکلاویان پەیدا دەبێت و دۆخی هەڵبژاردنی ئێران وا نیشان دەدن، وەک بڵێی دوو بەرەی خەڵکی و دژە خەڵکی لە گۆڕەپانەکەن و بۆ ئەوەی شەڕ ساز نەبێت و قەیرانی ئابووری چارەسەر بێت و پەیوەندی ڕێژیم لەگەڵ جیهان ئاسایی بێتەوە، پێویستە دەنگ بە ریفۆرمخوازان بدرێت، پێچەوانەکەشی ئەگەر بێتو دەنگ بە بناژۆخواز بدرێت، یان تەنانەت دەنگ ندەی و هەڵبژاردن لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا بە ڕەوا نەزانرێ، ئەوە بەو مانایەیە کە تۆ باوەرت بەوەیە خەڵکی ئێران تووشی شەڕ بکەی ، جا لەو نێوانەدا وانیشان دەدرا کە روحانی و خامنەیی دوو جەمسەری دژ بەیەکن و رووحانی ئاشتی دەوێت و خامنەیی شەڕ کە ئێستا دەرکەوتووە ئەگەر تەنانەت ئەوەش ڕاست بێت، کە گوایە خامنەیی شەڕی دەوێت، و رووحانی ئاشتی ، ئەوە دەنگدانی خەڵک و بەناو هەڵبژاردنەکەی سەرکۆماری هیچ کارتێکەری لەسەر هەڵوێست و سیاسەتی ڕێژیم نەبووە، چونکە دواتر و پاش دەنگدان ئەوە خامنەییە، کە ئاراستەی دەسەڵات و دەسەڵاتداری دیاری دەکات، وەزیر و گزیر دادەنێ و لادەدا.

ئەوە جودا لەو باسەیە کە لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی هەتا چەند دەسەڵاتەکان سەربەخۆن و دەسەڵاتی "ڕێبەر" و "سەرکۆمار" چ جۆرە پەیوەندی و کارتێکەریی و دابەشکارییان لەگەڵ یەک هەیە.

سەبارەت بە پرسی دەنگدانی مەجلیس بۆ بەربژێرەکانی ئەنجوومەنی وەزیران دەبێت بڵێین؛ لە کاتی ڕێکخستنی ئەنجوومەنی وەزیرانی خولی یازدەیەم، پەراوێزی سیاسی دەنگدان و دەنگ‌نەدان بە وەزیرەکان لەلایەن مەجلیسەوە، ئەو کات باسی بەشداری و بەشداری نەکردن لە نارەزایەتییەکانی هەڵبژاردنی خولی دەیەم بوو، دیارە هەر ئەو کاتیش سێ لە بەربژێرەکان کە رووحانی بە مەجلیسی ناساندبوو، بە "تاوانی بەشداری لە فیتنەی سەوز" لەلایەن مەجلیسەوە دەنگیان پێنەدرا، بەڵام لە پەراوێزی دەنگدانی مەجلیس بە بەربژێرەکانی ئەنجومەنی دوازدەیەم باسی پێچەوانەی هاتە گۆڕێ، واتە بوونی کەسێک بە وەزیر کە لە سەرکوتی ڕاستەوخۆی خەڵک لەو قۆناغەدا، دەستی هەبووە، لەگەڵ ئەوەیکە زەختێکی ڕاگەیاندنی زۆر گەورە لەسەر ئەوە سازبوو، هەتا وابکرێت کە "جەواد ئازەری جەهرۆمی" دەنگ نەهێنێتەوە، بەڵام دەنگی هێنایەوە، لە ڕاستییدا دەنگ‌هێنانەوەی جەهرۆمی لە مەجلیس دەستخۆشانە لە ناوبراو بۆ ئەو سەرکوتە بوو کە دەستی تێدا هەبووە و هەیە، هاوکات لەگەڵ زەختی میدیایی لەسەر جەهرۆمی کە هەتا ئێستاش بەردەوامە، ماڵپەڕی فەرمی خامنەیی دەقی قسەکانی خامنەیی بڵاودەکاتەوە، کە لە ساڵی ١٣٧٧ و لە چلەی کوژرانی ئەسەدوڵلا لاجوردی گوتویەتی . هاوکات لەگەڵ ئەو باسانە فیلمی سینەمایی "ماجراهای نیمروز" بڵاوکرایەوە و خامنەیی لەگەڵ ئەکتەر و دەرهێنەری فیلمەکە کۆبۆوە و داوای لێکردن کە فیلمێکیش لەسەر ژیانی ئەسەدوڵلا لاجوردی ساز بکرێت.

لەگەڵ ئەوەی کە جەهرۆمی دەنگی بەڵێی وەرگرت، حەبیب بێتەرەف، وەک تەنیا وەزیرێک کە بەناوی ریفۆرمخوازەکانەوە لە لیستی بەربژێرەکان ناوی هاتبوو، دەنگی نەهێنایەوە و لەلایان مەجلیسەوە وەلانرا، لە کاتێدایە کە هەر فراکسیۆنی "ئومید" کە سەربە ریفۆرمخوازەکانە، بەتەنیا دەیتوانی دەنگ بۆ وەزیر بوونی بێتەرەف دابین بکات.

ئەگەر ئەو پەراوێزانە لە تەنیشت ناوی ئەندامانی نوێی " کۆمەڵەی دەستنیشان کردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی ڕێژیم" بەتایبەتی "برایم رەئیسی" و "محەمەد باقر قالیباف" دانێین ، بەروونی بۆمان دەردەکەوێت، کە نەک دەنگهێنانەوەکەی ئازەری جەهرۆمی، دەستخۆشانەیەک بۆ ئەو سەرکوتە بوو کە جەهرۆمی لە دژی خەڵکی ئێران کردوویەتی، بەڵکوو ئاراستەی ڕێژیمیش بەرەو ئەو ئاقارەیە کە ئەو کەسانەی لە سەرکوتی خەڵکدا دەستیان هەبووە، بە شێوازی جۆراوجۆر دەستخۆشانەیان پێبدرێت، کەوایە ستراتێژی بۆ دابەشکردنی پلەو پایە، خواستی خەڵک(هەڵبژاردن) نییە، تەنانەت لێهاتوویی و توانایی بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی ڕێژیمش نییە، بەڵکوو وەک خامنەیی خۆی گوتی: "نەگۆڕینی جێگای قوربانی و تاوانبارە" واتە ستراتێژی ڕێژیم ئەوەیە ئەوانەی لە سەرکوتی خەڵکی ئێراندا دەستیان هەبووە، خاوەنی "دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامین" و مافی خۆیانە لەسەر ئەو سفرەیەش بەشیان بەرکەوێت.

لە کۆتاییدا دەبێت بگوترێ، ئەوەی لە چوارچێوەی ڕێژیمدا وەک هەڵبژاردن، جیایی دەسەڵاتەکان لەیەک، پەیوەندی و کارتێکەری دەسەڵاتەکان لەسەر یەک، باسی لێدەکرێت تەنیا و تەنیا دیپلۆماسییەکەی درۆزنەی نێوخۆییەو هیچی تر و ئەوەی کە ئاراستەی ڕاستی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی دیاری دەکات خامنەیی و بنەماڵەکەیەتی، نەک خەڵک و هەڵبژاردنەکان تەنانەت ئەگەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکەش بەتەواوی ساغ بێت.

**ئەوەی لە چوارچێوەی ڕێژیمدا وەك هەڵبژاردن، جیایی دەسەڵاتەكان لەیەك، پەیوەندی و كارتێكەری دەسەڵاتەكان لەسەر یەك، باسی لێدەكرێت تەنیا و تەنیا دیپلۆماسییەكەی درۆزنەی نێوخۆییەو هیچی تر و ئەوەی كە ئاراستەی راستی سیاسەتی كۆماری ئیسلامی دیاری دەكات خامنەیی و بنەماڵەكەیەتی.**

https://www.tasnimnews.com/fa/news/1476745/06/05/1396/%D%8A%7D%8B%7D%84%9D%8
A%7D%8B%9DB8%C%D%-87%9D%8AF%D%81%9D%8AA%D%8B%-1D%86%9D%8B%4D%8B-1
%D%8A%2D%8AB%D%8A%7D%8B%-1D%8A%2DB8%C%D%8AA-%D%8A%7D%84%9D%84%9D-87%9
%D%8AE%D%8A%7D%85%9D%86%9D%-87%9D%8A%7DB8%C-%D%8AF%D%8B%1
D%8A%8D%8A%7D%8B%1D%-87%9D%8B%4D%8A%7DB8%C%D%8B%9D%-87%9D8-
%A%7D%86%9D%8AA%D%8AE%D%8A%7D%8A%-8D%8A%7D%8B%9D%8B%6D%8A%7DB8%C-%DA
%A%9D%8A%7D%8A%8DB8%C%D%86%9D%-87%9D%8A%8D%8A%-7D%86%9D%8B%8D%8B-1
%D%8B%1D%87%9D%8A%8D%8B%1DB8%C

https://www.youtube.com/watch?v=zxxtD2uRVc4

http://www.bbc.com/persian/iran40684173-

http://farsi.khamenei.ir/news-content?id=37452

https://www.tasnimnews.com/fa/news/1491300/23/05/1396/%D%8A%7D%8B%9D%8B%6
D%8A%7DB8%C-%D%8AC%D%8AF%DB8%C%D%8AF-%D%85%9D%8AC%D%85%9D%8B-9
%D%8AA%D%8B%4D%8AE%DB8%C%D%8B%-5D%85%9D%8B%5D%84%9D%8AD%D%8AA-
%D%86%9D%8B%8D%8A%7D%-85%9DA%86%D%-87%9DA%A%9D%8B%3D%8A%7D%86%9DB8%C-
%D%87%9D%8B%3D%8AA%D%86%9D%8AF-%D%8A%7D%8B%3D%8A%7D%85%9DB8%C

# ڕاسان پرۆژەیەکی سیاسی نوێ لە خەباتی ڕۆژهەڵاتدا

جەماڵ فەتحی (کۆچەر)

زۆربەی بزاڤە ڕزگاریخوازەکانی دنیا لە حاڵەتێکدا سەریان هەڵداوە، کە دیکتاتۆرەکان ویستوویانە لە ڕێگای ئامرازەکانی هێز و دەسەڵاتەوە ڕێککەوتنێکی ملکەجبوون لە نێوان خۆیان و کۆمەڵگادا ساز بکەن و کۆمەڵگا ملکەجی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەن و ئەدەبیاتێک لە سەر کۆمەڵگا زاڵ بکەن کە لە ڕاستای دەسەڵاتی ئەواندا بێت و سەروەری ئەوانی تێدا گارانتی کرابێت.
ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان کە بەشێک لە هەستیارترین بەشەکانی ئەم جوغرافیای ئیستراتیژیکییەیە، پاش شەڕی یەکەمی جیهانی یەکێک لەو شوێنانەن کە لە نێوان زلهێزەکانەوە بووەنتە مەیدانی ململانێی سیاسی و نیزامییەوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەم ناوچەدا زۆربەی پێداویستییەکانی دوو جەمسەری دنیا، واتە جەمسەری ڕۆژئاوا و جەمسەری ڕۆژهەڵات دابین دەکرێت و جیا لە دەوڵەمەندیی ناوچەکە لە باری داهاتە ژێر زەوینییەکانەوە، لە باری هەڵکەوتەی جوغرافیاییەشدا خاوەن ئیستراتیژییەکی باشە.
ڕۆژهەڵاتی ناوین سێ قوڕنەی ئاسیا و ئافریقا و ئورووپا پێکەوە گرێ دەدات، کە بۆ بەدەستەوە گرتنی بازاڕی جیهانی گرنگیی تایبەت بە خۆی هەیە.
کوردستان کە لە ڕێککەوتنامەی سایکس ـ پیکۆ لە نێوان چوار وڵات (ئێران ـ عێراق ـ تورکیە ـ سووریە) لە دوای شەڕی چاڵدوران بۆ دووهەمین جار دابەش کرا و نەتەوەی کورد پاش حکوومەتی ماد خاوەن کیانێکی سەربەخۆ و سەروەریی خۆی نەبووە، لە ساڵی ١٨٨٠ی زایینی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری بە شێوەیەکی نێوە ڕێکخراوەی لە پێناو بە دەست هێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد لە باکووری کوردستان بزاڤێکی ڕزگاریخوازی ڕێکخست کە دوو بەشی دیکەی کوردستان واتە باشوور و ڕۆژهەڵاتیشی گرتەوە؛ کە یەکەمین بزافی کوردی لە قەڵەم دەدرێت. هەر چەندە شۆڕشەکانی نەتەوەی کورد هەموو بە ئامانجێکی پیرۆز و نیشتمانی دەستی پێکردووە بەڵام زۆربەیان لە فورمێکی نەتەوەیی ـ ئایینی و نەتەوەیی ـ خێڵەکی خۆیان دەرخستووە و بە هۆی هەلومەرجی ناوچە و ئەو فەزایەی کە بە سەر کوردستانی ئەو کات زاڵ بووە، نەکراوە یان تێگەیشتنی سیاسیی شۆڕشەکانی کورد لەو ئاستەدا نەبووە کە لە بازنەی بزاڤێکی کلاسیک و نەریتی خۆیان ڕزگار بکەن و ئەو پتانسیل و وزە نەتەوەیی و نیشتمانیانە کە لە کۆمەڵگای کوردیدا پەرشوبڵاو بوون لە چوارچێوەیەکی مودێڕن کۆ بکەنەوە.
پاش شەڕی جیهانی دووەم کە دونیا لە نێوان دوو جەمسەری زلهێزەکانەوە دابەش بوو، کوردستانیش لەودابەشبوونە بێبەری نەبوو و جوغرافیاکەی لە نێوان ئەو دوو جەمسەر دابەش کرا. هەروەها ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کە زیاتر لە هەزار ساڵ لە ژێر دەسەڵاتی ناوەندیی نەتەوەی باڵادەستی فارس و ئێرانییەکان دان لە ژێر کاریگەریی ئەم دابەشبوون و ئاڵوگۆڕە سیاسییانەی ناوچەدا بێبەش نەبوو، پاش ئەوەی کە ئێران بەهۆی نزیک بوونەوەی لە هیتلێر و ئاڵمان لە نێوان موتەفقین کە دژبەری ئاڵمانی نازیزم بوون دابەش کرا، ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بە دوو بەش دابەش کرا، کە بەشی خوارەوەی کوردستان هەتا سەقز لە ژێر دەسەڵاتی بریتانیا بوو و بەشی سەرەوەی کوردستان بۆ ماوەیەک بۆشاییەکی سیاسیی و حکوومەتیی پێوە دیار بوو و حکوومەتی ناوەندیی لە باری دابین کردنی ئەمنییەتی ناوچەکە زۆر لاواز و بێهێز ببوو و ناوچەکە حاڵەتێکی ناسەقامگیری بە خۆ گرتبوو، لە لایەکیشەوە ڕووسیە کە چاوی تەماحی لە نەوتی باکووری ئێران بڕیبوو بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی پێویستی بە هاوپەیمانگەلێکی خۆجێی هەبوو؛ ئەو بەشەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەگەڵ نەتەوەی تورکی ئازەری هاوسنوور بوون لە ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی بە شێوەیەکی نهێنی ڕێکخراوەیەکیان بە نێوی کۆمەڵەی ژێکاف یان ژیانەوەی کورد دامەزراندبوو، کە ئەو کۆمەڵە لە کەسانێکی ڕووناکبیر و نیشتمانپەوەر پێک هاتبوون کە هەستیان بە ئاڵوگۆڕەکانی جیهان بە گشتی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتیناوین کردبوو، بۆیە بە پێویستیان زانی کە لەو سەردەمە دەبێ نەتەوەی کورد بۆ دەسپێڕاگەیشتن بە کیانێکی سەربەخۆ ڕێک بخرێن و لە دەور ئامانجێکی گشتی واتە ڕزگاری نەتەوەی کورد کۆ بکرێنەوە.
هەر چەندە کۆمەڵەی ژێکاف لە سەرەتا لە کەسانێکی ئایینی ـ نەتەوەیی پێک هاتبوو، بەڵام ئامانجی سەرەکیی ئەم کۆمەڵە ڕزگاری نەتەوەیی بوو کە دواتر لە ڕێکەوتی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی وەکوو حیزبێکی مودێڕن و پێشکەوتووخواز بە نێوی حیزبی دێموکرات لە گۆڕەپانی سیاسیی ناوچەکە خۆی دەرخست و لە بەرنامە و پەیڕەوی خۆی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی پێک هێنا، هەروەها چەند مانگ پاش دامەزرانی ئەم حیزبە کە لە سەر بنەما دێموکراسییەکان دامەزرا بوو، کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی لە لایەن پێشەوا قازی محەممەد ڕاگەیندرا، کە بە قۆناغێکی گرنگ و هەستیار لە مێژووی کورد دەژمێردرێت.
حیزبی دێموکرات و بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات کە حەوت دەیە لە پێناو دێموکراسی و مافی نەتەوەیی کورد لە خەبات و بەربەرەکانی بە دژی دوو حکوومەتی ناوەندیی ئێران (پاشایەتی و ئاخوندیی) دایە لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی خۆیدا چەندین قۆناغی جۆراوجۆری بڕیوە و چەندین شێوازی خەباتی تاقی کردووەتەوە، کە هەر کام لە سەردەمی خۆیدا کاریگەر و شوێندانەر بوون؛ بەڵام بە هۆی هەلومەرجی ناوچە و سیاسەتی پاوانخوازانەی حکوومەتە ناوەندییەکان هەروا لە قۆناغی خەبات و تێکۆشانی سیاسی دایە، سەرەڕای هەموو کەندو کۆسپەکان بەڵام هەتا ئێستەش وەکوو یەکێک لە حیزبە شویندانەرەکانی ئێران لە ئەژمار دێت کە هەم توانای خەباتی چەکداری هەیە و هەم توانای خەباتی مەدەنی و جەماوەری، بەڵام لە قۆناغێکدا بە هۆی لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و پارچەیەک لە کوردستان خەباتەکەی لە حاڵەتی چەکداریی و خۆدەرخستن لە ناوخۆی وڵات بۆ خەباتی سیاسیی و ڕاگەیندراوەیی گۆڕیبوو.
پاش نزیک بە ٢٥ ساڵ دابەزین لە شاخ و گۆڕینی خەبات لە شێوازی شاخ بۆ خەباتی سیاسیی لە قۆناغی ئێستەدا کە زۆربەی وڵاتانی دنیا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین ئاڵوگۆڕی سیاسییان بە سەردا هاتووە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش هەستی بەوەی کردووە کە دەبێت لە سیاسەتەکانی خۆی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی پێویست پێک بێنێ و بە پشتبەستن بە ڕابردوویەکی قایم و پڕبەها دیسان وەکوو هەمیشە بەڵام جیاواز لە پێشوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سیاسەتێکی نوێ و خەباتێکی گشتگیرتر بە نێوی "ڕاسان" دەست پێ بکات. ئەم خەباتە نوێیە کە زیاتر وەکوو پرۆژەیەکی سیاسیی لە قەڵەم دەدرێت و بە خوێندنەوەی شێوازەکانی خەباتی نەتەوەی کورد و ئەو وڵاتانەی کە چارەنووسیان هاوشێوەی چارەنووسی نەتەوەی کوردە، بە گشتی و شێوازەکانی خەباتی حیزبی دێموکرات وەکوو بەرنامەیەکی تۆکمە لە وەها قۆناغێکدا هاتووەتە گۆڕێ کە بە چەندین هۆکاری سیاسیی بەشێکی کوردستان واتە ڕۆژهەڵات لە هاوکێشەسیاسییەکاندا پەراوێز کەوتووە.
هەرچەندە ڕاسان وشەیەکی تازە نییە و حیزبی دێموکرات و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵی نامۆ نین، بەڵام ڕاسانی نوێ لە بەراورد لەگەڵ ڕاسانی کۆن تەنیا پرۆژەیەکە بۆ واتادار کردنی خەباتێکی بەربڵاو و عەقڵانیی کە وڵامدەری زۆربەی پرسیارەکانی کۆمەڵگای کوردەوارییە و بە پشت بەستن بە خەباتی شاخ و ڕابردوو، خەباتێکی نوێ لە جۆری خەباتێکی مودێڕن ڕێک دەخات کە بە ئەزموون وەرگرتن لە پارامترەکانی خەباتی پێشووتر هێندێ پارامتری نوێ لە خەباتی دوارۆژی کورد زەق دەکاتەوە کە بە هۆی زاڵبوونی فەزای سیاسیی ـ سۆزداریی و ناسیونالیزمێکی ڕۆمانتیک لە پەراوێزدا بوون و ڕێگایان بە ناسیونالیزمێکی مودێڕن کە ئامانجە سەرەکییەکەی سەرخستنی کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی ـ مەدەنییەنەداوە.
ڕاسانی نوێ کە بەرنامەیەکی بەربڵاوە، ڕاستەوخۆ لە گەڵ چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات بەرەوڕووە، بە هۆی ئەوەی کە ڕاسان




خەباتێکی عەقڵانیە ئاگاداری ئەوەیە کە زۆربەی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کەسانێک پێک هاتوون کە لە باری کۆمەڵایەتییەوە لە ناوەندی کۆمەڵگا هەڵکەوتوون و لە بواری شوێندانەرییەوە دەتوانن ئاراستەی سیاسیی کۆمەڵگا بگۆڕن و لە باری کولتووریی، کۆمەڵایەتیی و ئابووریی وەکوو خاڵێکی ناوەندیی کۆمەڵگا قورسایی ئەم پرۆژە نوێیەی ڕۆژهەڵات وە ئەستۆ دەگرن. جیا لەم تایبەتمەندییانە کە باسیان لە سەر کرا خاڵی پێوەندیی نێوان چینی باڵادەست و خوارەوەی کۆمەڵگای کوردین و سەرچاوەی تواناییەکانی ڕۆژهەڵاتن و لەگەڵ پێوەرەکانی ڕاسانی نوێ لەبار و گونجاوە.
لە خەباتی ڕابردوودا حیزبی دێموکرات خۆی وەکوو حیزبێکی پێشڕەوی کۆمەڵگایەک دەزانی کە لە بواری پێگەیشتن و ئاستی سیاسییەوە شوێنکەوتووی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بوون، بەڵام لە ئێستەدا بە هۆی پێشکەوتن لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات هاوتەریبی هێزە سیاسییەکان و بگرە لە سەرووتریش بن، بە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگا ناوەندی زانیارییەکانە و هێزێکی مرۆیی زۆری لە خۆ گرتووە، دەکرێت وەکوو باڵێکی بەهێزی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات دەور بگێڕێت، کۆمەڵگایەک کە مەڵبەندی فرە ڕەهەندیی و کولتووری جۆراوجۆرە، دەفرایەتی ئەوەی هەیە کە لە باری کولتووریی و فرەچەشنییەوە لە ڕاسانی نوێ کاریگەر بێت و کولتوورە جیاوازەکان لە دەوری بەرنامەی ڕاسان کۆ بکاتەوە، تاکەکان لە وەها کۆمەڵگایەک بە بەرنامەیەکی عەقڵانیی و مودێڕن، باشتر لە پێشوو دەتوانن خۆیان ببیننەوە، لە بەر ئەوەی هەر تاکێک هەست بەوە بکات کە ڕێز بۆ کەسایەتی و تواناییەکانی دانراوە. بەم شێواز ڕاسان لە ناخی هەر تاکێک کۆمەڵگا ڕیشە دادەکوتێت و خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن.
ڕاسان شێوازێکی نوێ لە خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ئامانجی گرێدانی خەباتی شاخ و شارە و هەر کام لەم شێوازانە پێناسەیەکی نوێی بۆ کراوە و لە ڕوانگەیەکی نوێ پرسی کورد دەخوێنێتەوە و شرۆڤەی دەکات و مکانیزمی سیاسیی بۆ دەبینێتەوە. لە ڕاسانی نوێدا نکۆڵی لە خەباتی ڕابردوو ناکرێت بەڵکوو بە ئەزموون وەرگرتن لە خەباتی ڕابردوو دەچێتە نێو قۆناغی نوێتر لە خەبات کە پێشتر تاقی نەکراوە و خەباتی شاخ لە فازێکی دیکەوە تەشنە دەکاتە خەباتی جەماوەری و شارەوە، کە هەموو چینەکانی کۆمەڵگا لە بەر دەگرێت، لەم ڕەوتە تازەدا کە بەپێی ویست و داخوازی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان حیزبی دێموکرات هەستی بەو بەرپرسایەتییە کرد و لە نەورۆزی ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی وەکوو قۆناغێکی نوێ ڕاسانی نوێی ڕاگەیاند، ڕاسانێک کە عەقڵیەتی شۆڕشگێری ڕەخنەگرانەی بە سەردا زاڵە و کەمتر ئاوڕ بۆ عەقڵیەتی حەساوگرانە دەداتەوە و یەکێک لە ڕەخنەکانی لە مێژووی خەبات و بزافی کورد ئەوەیە کە هەمیشە بۆ کۆمەڵگا خۆیان لە فورمێکی ڕزگاریدەر پێناسە کردووە، هەتا فورمێکی ڕزگاریخواز و کۆمەڵگایان هەمیشە چاوەڕوانی خۆیان کردووە.
ڕاسان بەرنامەیەکی تەواو و گشتگیرە کە کۆمەڵگا بە هەموو ڕەهەندە جیاوازەکانییەوە دەتوانێت دەوری تێدا بگێڕێت، چون کۆمەڵگای ئەمڕۆی کوردستان کۆمەڵگایەکە کە تاکەکانی کەشی سۆزداریان تێپەڕاندووە و لە خولەکێک دەیان زانیاری جۆراوجۆر ئاڵوگۆڕ دەکرێت و مێشکی تاکی کۆمەڵگا وەکوو مێشکی کامپیوترەکە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئابدەیت دەبێتەوە. ئەم خەباتە نوێیە کە هەڵقوڵاوی ویستی کۆمەڵگایە، ئەو تایبەتمەندییەی هەیە کە بەپێی ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگا بگۆڕدرێت و شانبەشانی کۆمەڵگا هەنگاو هەڵبگرێت و دەوری ڕێکخەری بگێڕێت نەک ئەوەی تەنیا خۆی بە پێشەنگ و پێشڕەوی خەباتی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵات بزانێت.

# چیرۆکی منداڵانی بێسەرپەرەست لە ئێران



**شەهلا دەباغی**

سێ ساڵێک دەبوو هاتبوومە سوید؛ ڕۆژێک لە هەورازی نزیک ماڵ وەسەر دەکەوتم و دەستی کچەکەم گرتبوو و بەرەو ماڵ دەڕۆیشتینەوە؛ لەپڕ ژانێکی سەیر بەناو زگمدا هات ولەسەر زەوی دانیشم. لەو کاتەدا ژنێکی سویدی کە بە پەناماندا تێپەڕ دەبوو پرسی کە چ گرفتێکم هەیە؟ دەستی منداڵەکەمی گرت و پێکەوە چووینەوە ماڵ. لەداوی ئەم ڕۆژە تا ئێستا من و "ماری" پێوەندیمان ماوە گەرچی ئەو چەند شار و وڵاتی بۆ کار و دەرس خوێندن گۆڕی.

١٤ ساڵ پێش ماری و هاوسەرەکەی بڕیاریان دا کە منداڵ لە ئافریقاڕا بێننە نێو ژیانی خۆیان. دیارە پرۆسەی منداڵ هێنان لە وڵاتێکی دیکەڕا زۆر پێچ‌وپلۆوچە و خەرجێکی زۆر، نزیک بە ١٥٠هەزار کرۆنی تێدەچێ. سەرئەنجام دوای پرۆسەی قانوونی، ماری و مێردەکەی پێکەوە لە ئافریقاڕا کچێک و کوڕێکیان وەک منداڵی خۆیان وەرگرت. ئێستا ئەوان ١٤ ساڵ و ١٢ ساڵ تەمەنیانە و وەک هەر منداڵێکی دیکە دەچنە قوتابخانە و ژیانێکی باشیان هەیە.

سێ ساڵ پێش ماری گوتی کە کچەکەیان نەخۆشی گورچیلەی هەیە و لە دوای کەسێک دەگەڕێن کە گورچیلەیەکی بداتێ و بابی ئامادەیە کە گورچیلەی خۆی بداتێ و خەریکی تاقیکردنەوەکانی پزشکین. دوای تاقیکردنەوەکان دەرکەوت کە خوێن و جەستەی منداڵ و باب پێک دەخۆن و پێوەندی گورچیلەکە بە باشی ئەنجام درا. دیارە کچەکە دەبێ هەتا کۆتایی ژیان ڕۆژانە هێندێک دەرمان بخوا.

فاکت

سەرەڕای دەنگی دژی ڕێکخراوەکانی مەدەنی و لایەنگرانی مافی منداڵان، لە دوایین ڕۆژەکانی ساڵی ١٣٩٢ "گەڵاڵە"یەک لە مەجلیسی ئێران پەسندکرا.(١) ئەو گەڵاڵەیە دواتر لە لایەن "شوڕای نگهبان"یش مۆری "تائید"ی لێدرا. بە پێی ئەو گەڵاڵەیە کەسانێک کە منداڵێک وەک منداڵی خۆیان سەرپەرستی دەکەن، دەتوانن بە پێی یاسا و شەرع ئەو منداڵانە بە هاوسەری خۆیان هەڵبژێرن و زەماوەندیان لەگەڵ بکەن.

رسی چالاکانی مافی منداڵان لە بەسەندکردنی ئەو گەڵاڵەیە ئەوە بوو کە تەنانەت لە "دوران حضانت"دا ئەو یزنە یاساییە لە لایەن زۆریەک لە یاوان جێبەجێ بکرێ کە سەرپەرستی رمنداڵەکانیان دەکەن یان ئەو منداڵانەی وەک منداڵی خۆیان وەریانگرتووە.

جیاوازی نیوان دوو ڕوانگە

من بە هیچ جۆر نامهەوێ بڵێم کە لە وڵاتی سویددا هیچ جۆرە نائەمنی و دەسدرێژییەک بە منداڵان تێدا بەدی ناکرێ. بە پێی ڕێکخراوی "نەجاتی منداڵان" لە سوید ساڵانە لە نێوان ٣ تا ٥ لە سەدی منداڵان لە لایەن نزیکترین کەسەکانیان یان کەسانیک "دەستدرێژی جنسی"یان پێدەکرێ. تاوان و لەژێرپێنانی کەرامەت و مافی منداڵان لە هەموو شوێنێکی جیهان بەدی دەکرێ؛ بەڵام ئەوی کە بەرچاو و زەقە، جیاوازی نێوان یاساکانی وڵاتێکی وەک سوید و یاسا نائینسانییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە بۆ پاراستنی منداڵانی ژێر ١٨ ساڵ، زۆربەی کات کچان.

لە کولتوری وڵاتێکی وەک سوید، ئینسان ناچێتە ئافریقا منداڵێک بێنێ کە دواتر زەماوەندی لەگەڵ بکا، بەڵام بە پێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئیزن دەدرێ کە بەناو "باوکەکان" لەگەڵ "منداڵی خۆیان" کە لە ژێر تەمەنی یاساییی زەماوەند بکەن.

لە ئێران منداڵێکی بێ‌پەنا و بێ سەرپەرەست کە دەکەوێتە ژێردەستی زڕبابێک، بە پێی یاساکانی ئێران دەکرێ دەستدرێژی جنسی بکرێتە سەر و بۆ هەتاهەتایە جەستە و ڕوحی ئازار بدرێ. سەیر ئەوەیە کە لایەنگرانی ئەو یاسایە ئەو یاسایە وەک چاکە دەرحەق بە منداڵانی بێ سەرپەرەست دەبینن و دەڵێن چونکە لە شەرع دا ئەم کارە ناشەرعی نابیندرێ و ئەو منداڵانە "حکم"ی منداڵی خۆتی نییە، کەوایە ئەو ڕەفتارە ناهەنجارە دەتوانێ یاسایی بێ.

بەرئەنجام

لە کۆمەڵگایەکی ئینسانی وەک سوید نەک تەنیا یاسای نەنووسراو و کولتورە ئینسانگەراکەی بڕیار دەدەن، بگرە مافی ئینسانی و پێوەندییەکانی ئینسانی لە ڕێگای یاساشەوە دابین دەکرێن. لە کۆمەڵگایەکی ئینسانیدا "ماری"یەکان دوو منداڵ لە ئافریقاڕا دەهێنن بۆ ئەوە ژیانێکی ئینسانییان پێ ببەخشن، خۆشەویستییان نیشان بدەن و "هاوسەری ماری" گورچیلەیەکی خۆی دەداتە کچەکە تا لە ژیان بەردەوام بێ. لە کۆمەڵگای نائینسانی ئێراندا منداڵ "کەرەستەیەکی جنسی"یە بۆ مەیل و هەوەسە نەخۆشەکانی بەشێک لە پیاوان کە بە پێی یاسا و شەرع هەموو ئاسانکارییەکیان بۆ دەکرێ. لە کۆمەڵگای نائینسانی ئێران دا بە هەزاران منداڵ لە هەژاری دەفرۆشرێن و گورچیلەکانیان دەر دێ.

ستۆکهۆڵم، ١٢ی سێپتامبری ٢٠١٧

# خۆکوژی کۆتاییەکی تراژیدیک



**هیوا میرزایی**

مرۆڤ وەك بوونەوەری خاوەن هزری سەر زەوی بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە ژینگە و جیهان بەشێوەیەك بگۆڕێت کە خەونەکانی تێدا بەدی بێ و بتوانێ ژیانێکی هەتاهەتایی و گونجاوی هەبێ و بۆ ئەم مەبەستە چ وەك تاك و چ بە کۆمەڵ هەوڵی گەشەی مرۆڤایەتیان داوە و جیهان ڕەوتێکی خێرای بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە گرتووە و ئەمرۆ دەبینین کە کۆمەڵگای جیهانی لە ئاستێکی بەرزی گەشەسەندوویی دایە بە بەراورد لەگەڵ لانیکەم سەد ساڵی ڕابردووی خۆیدا و بیچمگرتنی شارستانیەتە مودێرنەکان لە سەرانسەری جیهان و گەشەی تیکنۆلۆژی و زاڵبوون بەسەر نەخۆشییەکان و خەون و هەوڵی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ئەستێرەکانی دیکە و دەرەوەی زەوی سەلمێنەری ئەم قسانەن. بەڵام هەرچی گەشەی شارستانیەتەکان خێرایی پەیدا دەکات و کۆمەڵگای پیشەیی جێگەی کۆمەڵگای سوننەتی و دواکەوتوو دەگرێتەوە مرۆڤ بەرەوڕووی دیاردەگەلێك دەبێتەوە کە بە نەخۆشی سەردەم ناوی لێدەبەن.

دیاردەگەلێك کە بەربەستن لە بەردەم بەرزەفڕی مرۆڤ و وەك نەخۆشییەك خەون و ئارەزووەکانی مرۆڤ تووشی بەلاڕێداچوویی دەکەن و لە ئاکامدا ئەوە ئەو دیاردانەن کە زۆرجار زاڵ دەبن بەسەر مرۆڤدا. خۆکوژی یەکێك لەو دیاردانەیە کە ئەمڕۆ بەربینگی مرۆڤی گرتووە و بووەتە دیاردە لە نێو هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکانی جیهاندا. خۆکوژی کردارێکی وشیارانەی خودی مرۆڤە لە بەرانبەر خۆی و هەوڵێك بۆ لە ناوبردنی مرۆڤ بەدەستی خۆیەتی و ئەم دیاردەیە بە پێی لێکۆڵینەوەی توێژەرانی کۆمەڵناسی چەندین هۆکاری هەیە وەك هۆکاری ئابووری، هۆکاری دەروونی و هۆکاری سۆزداری و توندوتیژی کە وای لە مرۆڤ کردووە ساڵانە لە جیهاندا ٤٠٠ هەزار کەس خۆیان بکوژن و کۆتایی بە ژیانی خۆیان بێنن.

لە ئێرانیشدا سەرەڕای ئەوەیکە وڵاتێکی ئایینییە و زۆربەی دانیشتوانی پەیڕەوی ئایینی ئیسلامن و لە ئایینی ئیسلامدا خۆکوژی و ئازارگەیاندن بە خۆ ناپەسەند و ڕێگەپێنەدراوە بەڵام دەبینین کە خۆکوژی بووەتە دیاردە لە ئێرانیشدا و هۆکارگەلێك وەك دۆخی نالەباری ئابووری، بێ‌هیوایی و گیرۆدەبوون بە ماددە سڕکەرەکان بەستێنی خۆش کردووە بۆ زیادبوونی خۆکوژی و وەك لە ئامارەکاندا دەردەکەوێ ڕێژی خۆکوژی لە نێوان ساڵەکانی ٩٤ی هەتاوی و ٩٥ هەتاوی دوو قات زیادی کردووە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەك بەشێك لە کۆمەڵگای جیهانی دوور نەبووە لەم دیاردەیە و ڕێژەی خۆکوژی لە ئاستێکی بەرز و مەترسیداردایە و بەداخەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیاردەی خۆکوژی لە نێو ژناندا ڕەنگە زۆرتر بێ لە پیاوان کە ئەمەیش زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی نالەباری کەلتووری و هەروەها بوونی توندتیژی بنەماڵەیی لە هەمبەر ژنان و پێوەندییە سۆزدارییەکان.

بە پێی ئاماری ناوەندی هەواڵدەری "کوردپا" لە ڕێکەوتی ٩٦\١\١١ هەتا ٩٦\٦\٧ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٢٧ ژن هەوڵی خۆکوژیان داوە و بەداخەوە ٢٥ کەس لەم ژنانە گیانیان لە دەست داوە کە لەمانە ٥ کەسیان تەمەنیان خوار ١٨ ساڵە. بەرزبوونەوەی ڕێژەی خۆکوژی ژنان ئەویش بە پێی کەلتووری کوردەواری کە زۆرترین ڕۆڵیان لە پەروەردەی منداڵ هەیە زەنگێکی مەترسیدارە کە پێمان دەڵێت دۆخێکی ناسەقامگیر ڕووبەڕووی ڕۆژهەڵات بووەتەوە و داهاتوویەکی گەش چاوەڕوانمان ناکا، ژنان وەك توێژی ئازارچێشتوو لە ڕووی هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی و هەروەها هەڵاواردن لە ڕووی ئایینیەوە بوونەتە قوربانی سەرەکیی بێ هیوایی لە کۆمەڵگا و هەر ئەمەیش وایکردووە کە زۆرتر دەست بدەنە خۆکوژی. هەروەها لە ڕووی دەروونناسیەوە خۆکوژی کاریگەرییەکی نەرێنی زۆر قووڵ لەسەر کەس و کاری قوربانی دادەنێ و ئەم کاریگەرییە تا کۆتایی تەمەن لە یادەوەری ئەم کەسانە دەمێنێتەوە و ئەگەری زۆریشی هەیە کە ئەمانیش ڕۆژێك لە ڕۆژان خۆیان ببنە قوربانی دیاردەی خۆکوژی.

هەرچەند ئەکرێ ویکچوونێك لە نێوان خۆکوژی ئاسایی مرۆڤ و خۆکوژی وەك چەك بە دژی نەیاران بدۆزینەوە بەڵام لەم ساڵانەی ڕابردوودا جۆرێکی دیکەی خۆکوژی بووەتە دیاردە کە هۆکاری ئیدیۆلۆژی هەیە و وەك چەکێك لە شەڕەکاندا کەڵکی لێوەردەگیردێ و مرۆڤ جەستەی خۆی دەکاتە چەکێك بەدژی نەیارەکانی خۆی و ئەمەیش لە پێناسەی خۆکوژیدا هەر دەچێتەوە سەر ئەو پێناسەیەی کە بۆ خۆکوژی لە لایەن توێژەرانە کراوە، واتە کردەوەیەکی وشیارانەی مرۆڤە بەڵام لەم کردەوەدا مرۆڤ تەنیا نایهەوێ خۆی لە ناوببات بەڵکوو دەیهەوێ بە مردنی خۆی کەسانێکی دیکەش بکوژێ و ڕەوتە توندئاژۆ ئیسلامییەکان پێشەنگی ئەم جۆرە خۆکوژییەن.

# باشووری کوردستان و بنچینەی خەباتی گەلی کورد



ن: ئەلبۆرز ڕووئینتەن

و: شەریف فەلاح

پێشتریش لە نووسینەکانمدا باسم لەوە کردووە کە دەبێ خەبات و تێکۆشان لە باشووری زاگرۆس دینامیک و بزوێنەری بزاوتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی ڕۆژهەلات بێت. چونکە ئەم خواستە سەرووتر لە هەر هۆیەک، ویستی نەتەوەیی ئێمەیە لەم بەشەی کوردستان. ئێستا پرسیاری سەرەکی ئەمەیە، ئێمە دەبێ ئەم پرسە چۆن بە کردەیی بکەین؟ وەڵامی ئەم پرسیارە میکانیزم و ڕێکاری گەیشتن بەو ئامانجە بەرزەیە کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد.

بەرلە گشت دەبێ بڵێم وەڵامی ئەو پرسیارە بۆ هەموو وڵاتان وەراست دەگەڕێت، یانی پێشکەوتنی ڕێکارەکانی خەباتی ئێمە لە هەموو بوارەکان و لە هەر شوێن و ناوچەکەیەکی کوردستان، بێگومان باشووری زاگرۆسیش دەگرێتەوە. قۆناغی نوێی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستان کە بە "ڕاسان" ناسراوە، لە چەند ڕەهەندێکەوە بۆ باشووری زاگرۆس هەڵگری بایەخی زیاترە. هۆکارەکەشی بۆ ناوەرۆک و فەلسەفەی "ڕاسان" دەگەڕێتەوە. بەو پێیەی کە خەباتی چەندان ساڵەی ئێمە سەرەڕای قارەمانێتی و گیانفیدایی بەدەر لە خاڵی لاواز نەبووە، لابردن و جیبەجێکردنی ئەو خاڵە لاوازانە هەتاڕادەیەکی زۆر دەتوانێ لە بەرەوپێشبردن و تەنانەت سەرکەوتنی یەکجارەکیش کاریگەر بێت. یەکێک لەو خاڵە لاوازانە چۆنیەتیی بەشداری پێکردنی هەموو پێکهاتە و توێژەکانی کۆمەڵگەیە لە خەباتی ئازادیخوازانەدا، بەو مانیەی لە بەرەوپێشبردنی "ڕاسان"دا تەنیا جەخت لەسەر پێشمەرگە ناکرێتەوە. شار کە نوێنەر و هێمای بەشێکی بەرین لە کۆمەڵگەیە، بکێشرێنە ناو هاوکێشەکانەوە و بەمکارە، خەباتی ڕزگاریخوازانە هەموو کۆمەڵگە دەگرێتەوە و سەرکەوتنی ئەم خەباتەش ئاسانتر و خێراتە دەکات و ئەمە خاڵێکە کە قۆناغی خەباتی ڕاسان پتر لە گشت – چە لەباری تێئۆری و چ لەباری پراکتیک – لە بزاوت و حەرەکەتەکانی پێشووی نەتەوەی کورد جیا دەکاتەوە و هیوا بەم قۆناغە وەک ڕێگای ئازادی و ڕزگاریی نەتەوەی زیاتر دەکات، بەڵام بۆ بە کردەیی کردنی ئەم کارە، ئەرکیکی زۆرمان لە سەرشانە.

ئێمە دەبێ سەرەتا لە هەناوی کۆمەڵگەی خۆماندا حزوورمان هەبێت و ئاگاداری هەموو گرفت و خەسڵەتەکانۆ کۆمەڵگەی خۆمان بین و بتوانین جیاوازییە هەرێمی و ناوچەییەکان بناسین، هەتا بتوانین بەرنامە و پرۆژەکانمان لەسەر بنەمای واقیعی کۆمەڵگەکەمان بێت.

لە هەنگاوی دواتردا ئێمە دەبێ ببینە دەنگی ماف و هەقخوازانەی ئەوان و کاتێک وەک بەشێک لە کۆمەڵگە، هەست و دەرک بە گیروگرفتەکانی کۆمەڵ بکەین و لەپێناو دەستەبەرکردنیان هەوڵ بدەین، دەکرێ بڵێین لە ڕاستەڕێی سەرکەوتنی کۆتاییدا هەنگاومان هەڵهێناوە. بۆ وێنە ئێمە دەبێ ئەو گیروگرفتانەی گەنجانی کرماشانی و ئیلامی لەگەڵی بەرەو ڕوون، بناسین و لەسەر بنەمای ڕەفتار و هەڵوێست و بۆچوونی ئەوان پرسەکان شرۆڤە بکەین. یان دەبێ ئاگاداری گرفتی وەرزێر و جووتیاران بین، بۆ وێنە دەوڵەت بەپێی بەرنامەیەکی لەپێشدا داڕێژراو بەرهەمی جووتیاران بە هەرزان دەکڕێت. لەڕاستیدا ئێمە کاتێک خۆمان بە بەشێک لە کۆمەڵگەی خۆمان دەزانین، دەبێ لە هەموو گرفت و کێشەکانی کۆمەڵگەکەمان ئاگادار بین و بیری لێ بکەینەوە.

ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەم پرسە تەنیا ویستی کۆمەڵگەی باشووری زاگرۆسە، چونکە لە بەشی یەکەمدا ئاماژەم پێکرد، ویستی نەتەوەیی و مافخوازی لە هەناوی کۆمەڵگە دایە و ویستێکی ڕەوایە. بەڵام پلانەکانی ڕێژیم بە داتاشین، یان چارەسەرنەکردنی ئەم گرفتانە، هەوڵ دەدات خەڵک لە پەرچەکردار و مافخوازی دوور بخاتەوە و بە جۆرێک تووشی هەندێ گرفتی کاتیی ڕۆژانەیان بکات، هەتا لە کۆمەڵگەدا هیچ دەرەتانێک بۆ بیرکردنەوە لە جەوهەری کێشەکە نەهێڵێتەوە. کاتێک ئێمە ببینە نوێنەر و دەنگهەڵبری ئەم کێشانە، دەتوانین ئەو هەوڵ و پیلانانەی ڕێژیم پووچەڵ بکەینەوە و تەنانەت وەک تاکتیکێک بەکاریان بهێنین هەتا بتوانین وەک چارەسەری یەکجارەکیی کەڵکیان لێ وەربگرین.

لێرە دایە کە هاوپەیوەندیی نێوان "شار و پێشمەرگە" بەدی دێت و ڕاسان دەگاتە ئەنجام. چونکە کاتێک شار توانی بۆ ویستی ڕۆژانەی دیوار و لەمپەر و دێوەزمەی ترس و تۆقاندن بشکێنێ، دەتوانێ زۆر بە ئاسانی بۆ ڕزگاریی یەکجاری قەڵای ڕێژیم تێک بشکێنێت. هەروەک لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد دەرک و ناسینی کۆمەڵگەی ئەمڕۆ و بوونە دەنگی ئەوان بۆ چارەسەریی گرفتەکان، دوو هەنگاوی سەرەکین بۆ گەیشتن بە سەرکەوتنی یەکجاری، بەڵام هەنگاوی سێیەم ڕێکخستن و ڕێبەریکردنی خەباتی شاری لەلایەن هێزێکی شۆڕشگێڕی کارام و جیدیی حزبییەوە کە بەڕای من گرنگترین و سەرەکیترین هەنگاوە. پێم وایە هیچ کەس ناتوانێ حاشا لە ڕۆڵ و دەوری ڕێکخستنی تۆکمە لە گەیشتن بە ئامانجی شۆڕشێکی ئازادیخوازنەدا بکات. ڕێکخستن و تەیارکردن دەبێ لەسەر بنەمای میتۆدو ڕێکاری سەردەمیانە بێت بە لەبەرچاوگرتنی گونجاندنی پێکهاتەی چین و توێژی جیاوازی کۆمەڵگە، هەروەها دەبێ ئەم ڕێکخستنە توانایی حەرەکەتی بەجێ لە کاتی گونجاودا بێت و هاوکات خێرایی کاریش مەرجە.

لێرە دایە کە کۆمەڵانی خەڵک دەتوانن بەسەر دێوەزمەی دیکتاتۆری تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیدا سەرکەون.

دەزانم بۆ بە کردەیی کردنی ئەو خاڵانە لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمیکی وەک کۆماری ئیسلامی کەلە تیرۆر و سەرکەوتدا شارەزاییەکی زۆری هەیە، کارێکی سانا و ئاسان نییە، بەڵام لە بەرانبەردا ئێمەش نەتەوەیەکی خەباتگێڕمان هەیە کە ئامادە نییە لە بەرانبەر ئەو نادادپەروەرییانەدا سەر نەوی بکا و هێز و ئیمانی باڵای خەڵک هەردەم دەتوانێ دەسەڵاتی سەرەڕۆ کە خاەنی هەر هێزێک بێت، بە چۆکدا بێنێت.

لەلایەکی دیکەشەوە بەرەنگاربوونەوەی شەڕی نەرم و دەروونی و پیلانە لە ئەژمار نەهاتووەکانی ڕێژیم بەتایبەت لە باشووری زاگرۆس، کە بەشێکیان لەلایەن بەکرێگیراو و کەسانی نائومێد و بەرژەوەندیخوازەوە جێبەجێ دەکرێن، دیسان کاری خەبات دژوارتر دەکات، بەڵام هێزە شۆڕشگێڕەکانی هەڵگر و ئاڵاهەڵگری ڕاسان، خاوەنی ئیرادە و بڕوایەکی هێندە بەهێزن کە بتوانن ئەو هەموو پیلانانە کەشف و لەقاو بدەن و بە ڕۆشنگەری لەناو کۆمەڵگە بەرەو سەرکەوتنی کۆتایی هەنگاو هەڵبگرن. سەرەڕای ئەم پرسانە واقیع و جەوهەری ڕاستینی بزووتنەوەی کورد لە باشووری زاگرۆس، دەبێ دینامیک و بزوێنەری بزواتی ڕزگاریی نەتەوەی کورد بێت، چونکە ئەم هێزە لە خوێن و دەماری هەر تاکێکی کورددا جێگەی گرتووە و لە هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ڕاستییە لە هەر فیداکاری و قارەمانێتییەک ناپرینگێنەوە و ئەمەش خۆی پەیامی مزگێنیی ڕزگارییە.

## لەنێوبردنی سروشتی زاگرۆس لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بەردەوامە



ئەشکەوتی دەشێخ کە ١٣٥ میلیۆن ساڵ مێژووی هەیە، لە کۆهگیلوویە و بویرئەحمەد لە بنارەکانی زاگرۆس هەڵکەوتووە، بەڵام ڕێژیمی ئێران لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەرەو لەنێوبردنی بردووە.

ئەشکەوتی دەشێخ کە لە ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی، لە لایەن شوانێکی ناوچەکە دۆزرایەوە و وەکوو ئاسەواری نەتەوەیی تۆمار کرا؛ بەپێی لێکوڵینەوەی کارناسان، ئەم ئەشکەوتە سروشتییە کە بە ناوی گوندی دەشێخ کە بە ئەم ئەشکەوتە نزیکە ناودێر کراوە، بۆ چاخی دووهەمی زەویناسی دەگەڕێتەوە و خاوەن مێژووییەکی ١٣٥ میلیۆن ساڵەیە.

دوای دۆزینەوەی ئەم ئەشکەوتە، لە دەوروبەریدا دەستیان کردووە بە ساز کردنی بینا و پارکینگ و زۆربەی دارەکانی دەوروبەری ئاسەوارەکەیان بڕیوە و دەستیان کردووە بە بەردەفەرش کردنی ئەو شوێنە، بەبێ ڕەچاو کردنی ئیستانداردە جیهانییەکان بۆ پاراستنی ئاسەوارە مێژووییەکان.

لە کاتی نزیک بوونەوە بە ئەشکەوتەکە، یەکەم شتێک کە بەرچاو دەکەوێت، دەرگایەکی ئاسنییە کە بە شێوەیەکی زۆر ناحەز ساز کراوە و قوفڵێکی لە سەر دراوە، بۆ ئەوەی کە لە کاتی نەبوونی نەفەر ئاژەڵ نەچێتە نێو ئەشکەوتەکە، ئەمە لە حاڵێک دایە، کە ئەم ئەشکەوتە جێگەی ژیانی ئاژەڵانی وەکوو بەراز و چەقەڵ و شەمشەمەکوێرە و زۆر ئاژەڵی دیکەیە کە بە داخستنی دەرگای ئەشکەوتەکە ئەم ئاژەڵانە بێ پەنا دەکرێن.

لە کاتی چوونە ژوورەوە تەنیا ٣٠٠ مێتر ڕووناک کراوە، کە زۆربەی گڵۆپەکان کار ناکەن و لە تاریکیدا هیچ شتێک دیار نییە و کاریگەری خراپیان لە سەر قەندیلەکانی داناوە و لە ناویان دەبات، بە وتەی کارناسان یەک سانت لەم قەندیلانە یەک میلیۆن ساڵی پێ دەچێت کە دروست بن.

بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران بە هیچ شێوەیەک گرنگی نادەن بە ئاسەوارەکانی زاگرۆس و بەپێچەوانە لە هەوڵی تێداچوونی ئاسەوارەکانن.

ئەشکەوتی دەشێخ چوار داڵانی هەیە و چەندین کانی تێدایە و سێ داڵانیشی هەیە کە جوانییەکی تایبەتیان بەم ئەشکەوتە بەخشیوە.

ئەشکەوتی دەشێخ بە وتەی کارناسان دەتوانێت شوێنیکی گەشتیاری جیهانی لێ دەربچێت و بۆ لێکوڵینەوەی زەویناسی بە کاری بێنن؛ جێگەی ئاماژەیە کە هێشتا بە تەواوەتی هەموو ئەشکەوتەکە نەدۆزراوەتەوە و بنی ئەشکەوتەکەش هێشتا دیار نییە.

## قەیرانی ژینگە گاماسیاویشی گرتەوە



لە نێوبردنی ژینگەی کوردستان یەکێک لە هەوڵە سەرەکییەکانی ڕێژیمی ئێرانە کە بە شێوەیەکی فەرمی و بە بەرنامە هەوڵ دەدات بۆ لە نێوبردنی.

بەپێی دوایین هەواڵەکان هەواڵی کارەساتباری مردنی لە ناکاوی ماسیەکانی روباری گاماسیاو هەڵوێستی خەڵکی بە دوادا بوو و بووە هۆی نیگەرانی خەڵکی ناوچەکە.

لە وڵامی بەدواداچوونی چالاکانی ژینگەپارێز بۆ هۆکارەکانی ئەم کارەساتە، بەرپرسانی ژینگەی کرماشان ئەگەری ئەوەیان لێداوە کە ڕژانی پاشماوەی کارخانەی قەندی بێستوون، هۆکاری سەرەکی لە نێوچوونی بوونەوەرەکانی نێو ڕوباری گاماسیاو بێت.

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەری مێهر، کە وتووێژیکی لەگەڵ جەعفەر حاسڵی، سەرۆکی بەشی چاودێری بە سەر ژینگە لە ئیدارەی گشتی ژینگە پارێزی کرماشان کردووە، هۆکاری سەرەکی مردنی ماسیەکانی گاماسیاو، ڕژانی پاشماوەی کارخانەی قەندی بێستوون بۆ نێو ئەم ڕووبارە بووە.

ئەمە یەکەم جار نییە کە کارەساتی لەم چەشنە بە سەر ژینگەی کوردستاندا ڕوو دەدات، بەڵام بە هیچ شێوەیەک بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران گرنگی بەم بابەتە نادەن و هیچ دژکردەوەیەکی ڕوونیان لە سەر پاراستنی ژینگەی کوردستان نەبووە و بە گشتی ژینگەی زاگرۆس بۆیان گرینگ نییە.

جەعفەر حاسڵی، لە درێژەی وتوویژەکەیدا، باسی لەوە کردووە کە ئەمە یەکەم جار نییە پاشماوەکانی کارخانەی قەندی بێستوون، بۆتە هۆی لە نێوچوونی بوونەوەرەکانی گاماسیاو و تەنانەت چەندین جار تاکوو ئێستا سکاڵا لەدژی ئەم کارخانە لە دادگای بیستوون تۆمار کراوە بەڵام هەتا ئێستا دادگا بڕیاری لە سەر ئەم کارخانەیە نەداوە.

لە نێو چوونی ڕووبارەکان و سەرچاوە ئاوییەکان لە زاگرۆس گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار و تەنیا کردەوەی بەرپرسانی ڕێژیم لەم بارەوە سکاڵاکردنە و بە ئەنقەست پشت گوێ خستن و تاوانبار کردنی یەکتر؛ بێ ئەوەیکە ئاکامێکی پۆزەتیڤی هەبێت.

بە گشتی ئەم کارانە سیاسەتێکی دژە مرۆڤانەی ڕێژیمی ئێرانە کە سەرەڕای بەتاڵان بردنی ئاوی کوردستان بۆ بیابانەکانی ناوەندی ئێران، لە هەوڵدایە ئەو بەشەش کە بۆی ڕاناکێشرێ، لە ناوی بەرێت.

# بەرەو درووستکردنی حکوومەتێکی سەربەخۆ و دێموکرات لە باشوور



عەلی مونەزەمی

باشووری کوردستان کە بەشێکە لە کوردستانی گەورە، لە ئاکامی دووجار دابەشبوونی کوردستان دا بە عێراقەوە لکێندراوە. پێش لە دایکبوونی عێراق لە ڕێگای سزاریەن لە لایەن وڵاتانی زلهێزی براوەی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ئاکامی مردنی "پیاوی نەخۆشی ئورووپا" — یانی ئیمپراتووریەتی عوسمانی- مجد و تێکۆشانی کورد بۆ سەربەخۆیی لەو بەشەی وڵاتەکەمان دا بوونی هەبووە. ئەگەر زۆر نەگەڕێینەوە بۆ دواوە، هەر لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی دا مەلکی کوردستان، شێخ مەحموودی حەفید، شاری سلێمانی کردە ناوەندی ڕێبەریی شۆڕشی سەربەخۆیی کوردستان لەو سەردەمەدا و لە لایەن کوردەکان بە گشتی و ڕێبەری نەتەوەپەروەر و ناوداری کورد - سمکۆ شکاک-ەوە پشتیوانی لێکرا. ئامانجی دامەزراندنی وڵاتێکی سەربەخۆ و نەتەوەیی لەو بەشەی نیشتیمانیش دا هەر وەک بەشەکانی دیکە لە ڕەوتی شۆڕشەکانی کورد لە دوای ڕاپەرینی شێخ مەحموودیش هەر وەک خۆی ماوەتەوە. ئەمڕۆ ئاسۆی وەدیهاتنی ئەو ئامانجە لەمێژینەیە لە هەموو کاتێک روونتر و شانسی گەییشتنمان بە سەربەخۆیی لە هەموو کاتێک زیاترە. ڕێبەرانی کورد لە باشوور لە بەر روناکایی تیشکی ئەو بیرە نەتەوەییەدا بڕیاریان داوە کە لە ٢٥ی سێپتەمبردا گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی باشووری وڵات بەرێوەبەرن. ئاکامی ئەو بڕیارە دیارە کە بە دڵی دوژمنانی کورد نەبووە و نییە. لەو وتارە دا هەوڵ دەدرێ کە لە بەر تیشکی بیری سێ فیلسوفی گەورە، هابز، لاک و رۆسۆ کە تێئۆرییەکانیان بە "گرێبەستی کۆمەڵایەتی" بە ناو بانگە، هۆکارەکانی دامەزراندنی حکوومەتی سەربەخۆ لە باشوور روون بکرێنەوە. پێویستە بوترێ کە ئاگۆستین دامەزراندنی حکوومەتی سەربەخۆی راستین دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆکاری داگیرکاری. لە بەر ئەوەیکە داگیرکەران وەک جەردە و ڕێگر وان و ئارامی و پێشکەوتن لە خەڵک زەوت دەکەن.

ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بە گشتی زۆر ئاڵۆز و تێکەڵ پێکەڵە و تا ڕادەیەکی زۆر ئانارشیزم بە سەریدا زاڵە و هەر لایەن یان گرووپێک لاواز دەربکەوێ، دەتوانێ ببێتە ئامانجی هێرشی دەوروبەر. وەها حاڵەتێک وەک ئەوەیە کە هابز لە کتێبە بەناوبانگەکەی بە ناوی "لێڤیاتان" دا بە "حاڵەتی سرووشتی یان خوەزایی" ناوی دەبات؛ حاڵەتێک کە تێدا دەسەڵاتێکی سەردەست بوونی نییە و ئەو یەکە دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی هەر تاکێک خاوەنی ئازادییەکی لە ڕادەبەدەری بێ سنوور بێت و ئەوە خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی ئەوەیکە هیچ کەس و لایەنێک هەست بە ئاسایش و پارێزراوبوون نەکا. بۆیە تاکەکان لەگەڵ باڵادەستێک گرێبەست گرێ دەدەن و هێزێکی حوکمڕانی پێک دێنن. ئەو هێزە حکوومەتییە دەبێتە خاوەنی دەسەڵاتێکی سنووردار بۆ دابین کردنی ئاشتی لە وڵاتدا. هابز تێڕوانینێکی نەرێنی هەیە بە نیسبەت مرۆڤەکانەوە و پێی وایە کە مرۆڤەکان بە شێوازێکی سرووشتی خۆپەرەستن و حکوومەتەکان وەک پێویستییەک پێکهێنران بۆ ئەوەیکە ئاشتیی نێوان مرۆڤەکان بپارێزن. لە بەر ئەوەیکە هەر مرۆڤێک لە بەر خۆپەرەستی دەتوانێ داوای شتی زیاتر بکا و هەوڵ بدات کە زیاتر دەست بە سەر سەرچاوەکاندا بگرێ و ئەو یەکە دەتوانێ بە ئاسانی لە نێوان مرۆڤەکاندا گرژی و ئاڵۆزی پێک بێنێ.

بەرەواژی هابز، جان لاک پێی وایە کە مرۆڤەکان بۆیە ویستیان پشتگیری لە دامەزراندنی حکوومەت بکەن، کە حکوومەت ئەرکی کەمتر دەداتە تاکەکان و لە بەرامبەردا ئەمن و ئاسایشیان دابین دەکا، لە بەرامبەر مرۆڤەکانی دیکە و گیاندارانی وەحشی دا دەیانپارێزێ و بوونیان لەگەڵ خەڵکی دیکە و ژیانێکی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەکا و .... بۆیە هەبوونی حکوومەت بە قازانجترە بۆیان تا زەرەری هەبێ. ئەوە بەو مانایەیە کە جان لاک تێڕوانینێکی ئەرێنی هەبووە بە نیسبەت مرۆڤ و پێی وابووە کە مرۆڤەکان بە هەستکردن و تێگەیشتن، بەو راستیە دەگەن کە مرۆڤەکان بە هاوکاری دەتوانن قازانجەکانیان باشتر بپارێزن و ئەو تێگەیشتنە هانیان دەدات کە حکوومەت یان نەزمێکی سیاسی پێک بێنن.

بەڵام رۆسۆ پێی وایە کە تاکەکان بۆ پاراستنی ئازادی و مافی خۆیان دەچنە نێو پێکهێنانی حکوومەتێک. بۆیە تاکە ساکارەکان ویست و ئیرادەی خۆیان تێکەڵ بە ویست و ئیرادەی گشتی دەکەن. ئیرادەی گشتی لە سەرووی ئیرادەی تاکەکانەوەیە و بە شێوازێکی یەکگرتوو لە راستای بەرژەوەندیی گشتیدایە. ئیرادەی گشتی لەگەڵ ئیرادەی هەمووان (کۆی ئیرادەی هەموو تاکەکان) جیاوازە. ئیرادەی هەموو تاکەکان شتێکی خۆپەرەستانە و ئێگۆئیستییە؛ بەڵام ئەوە ئیرادەی گشتییە کە دەبێتە هۆی دەسەڵات و هێزی رەوا، بۆیە هێزی بەرێوەبەری و مودیرییەتی دەبێ بەشێک و گرێدراو بە ئیرادەی گشتی بن.

بە لە بەرچاو گرتنی هەل و مەرجی باشووری کوردستان، دەبێ دان بەو راستییە دابنێین کە چارەنووسی باشووری کوردستان تەنیا گرێدراو بە چارەنووسی گەلی کورد نییە؛ بەڵکوو ئەو یەکە گرێدراوەتەوە بە چارەنووسی هەموو ئەو پێکهاتانە کە لە سەر خاکی باشووری کوردستان دەژین و لە دوای پێکهاتنی حکوومەتی سەربەخۆی کوردستان، هەمووان دەبنە بەشێک لە هاووڵاتیانی ئەو حکوومەتە سەربەخۆ نوێیە.

بەڵام بە لە بەرچاوگرتنی ئەو تێئوریانەی سەرەوە، گەلۆ ئەو پێکهاتانە پێویستیان بە پێکهێنانی حکوومەتێکی سەربەخۆ هەیە لە سەر خاکی باشوور یان بوونیان لە چوارچێوەی حکوومەتی ئێستای عێراق دا پێویستترە؟ کام فاکتۆر بە قازانجی پێکهاتنی ئەو حکوومەتە سەربەخۆیە دەور دەگێڕێ؟

ئەگەر ئێمە تێئۆریی هابز بۆ پێکهێنانی حکوومەتی سەربەخۆ لە باشووردا لە بەر چاو بگرین، بۆ کورد بە تەنیا دەتوانێ راست بێ و کوردەکان بە بەستنی کۆنتراکتێک لەگەڵ پارتە سیاسیەکانیان یان ڕێبەرانیان دەتوانن بۆ پاراستنی خۆیان حکوومەتێکی سەربەخۆ پێک بێنن کە هەم ئەوان بپارێزێ و هەم بەرژەوەندیی ئەوان. بەڵام ئەگەر کورد تەنیا و تەنیا بە شێوازێکی خۆپەرەستانە بەرژەوەندیی خۆی لە بەر چاو بگرێ و گەلانی دیکە کە ئەمرۆ لە سەر خاکی کوردستان دەژین لە بیر خۆیان بەرن، ئەو یەکە نەک چارەسەریی ناکۆکییەکان بە شکڵێکی ریشەیی ناکات، بەڵکوو دەبێتە هۆی پشێوی و سەرهەڵدانی کێشە و گیر و گرفتی نوێ لە نێوخۆی کوردستانی سەربەخۆدا. پاراستنی بەرژەوندیی کورد نایەتە مانای پاراستنی خەڵکی باشوور. لێرە دا باسی کەم و زۆریی گەلانی دیکە ناکرێ، لە بەر ئەوەیکە ماف و ئازادی پێوەندییان بە چۆنایەتییەوە هەیە نەک چەندایەتی.

تێئۆریی جان لاکیش هەر وەک تێئۆریی هابز ناتوانێ جێگای پشت پێ بەستن بێ بۆ پێکهێنانی حکوومەتی سەربەخۆ لە باشووردا.

لە بەر ئەوەی کە لێرەدا باسی ئەوە ناکرێ کە حکوومەت بە کام تاک یان گەل چەندە ماف و چەندە ئەرک دەسپێرێ کە ئەو تاک یان گەلانە لە دامەزراندنی حکوومەتێکی سەربەخۆ پشتیوانی بکەن و لە گەڵیدا ڕێک کەون.

بۆیە بە بڕوای من ڕێبەران و دەسەڵاتدارانی کورد بە تێگەییشتنێکی راست و درووست و دێموکراتیک هەنگاو بەرەوە سەربەخۆیی هەڵدەگرن و لە جەهد و تێکۆشانێکی زۆردان بۆ ئەوەی کە پێکهێنانی حکوومەتی سەربەخۆ دەرهاوێشتی ئیرادە و ویستی خەڵک و هەموو پێکهاتەکانی خۆجێی باشووری کوردستان بێ. ئەو یەکە لە تێئۆرییەکانی رۆسۆ زۆر نزیکە کە بریارە بە زوویی لە گشتپرسی دا پیشان بدرێ. وەها ئیرادەیەک لە لایەک لە سەرووی ئیرادەی هەموو تاکەکان دەبێ و لە لایەکی دیکەوە لە سەرووی ئیرادەی هەر یەک لە گەلانی خۆجێی باشووری وڵاتەکەمان. ئەو یەکە لە لایەک فاکتۆر و پرەنسیپە دێموکراتیکەکان لە دەستپێکی دامەزراندنی ئەو حکوومەتە نوێیە سەربەخۆیەدا دەچەسپێنێ و لە لایەکی دیکە بەرێوەبەرانی حکوومەت لە سەرئێشە و کێشەکانی پێکهاتەکان دەپارێزێ و هەروەها هەموو تاکەکان و پێکهاتەکان دەتوانن هەست بە ئاسوودەیی بکەن و خۆیان بە شەریک و بەرپرس بزانن لەو حکوومەتەدا. نموونەی وەها، ئەگەر نەڵێین لە دونیا دا بوونی نەبووە و نییە، بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە دەبێتە نموونەیەکی دەگمەن.

چوونی مەسعود بارزانی بۆ کەرکووک و ناوچەکانی دیکە و ئاخافتن لە گەڵ گەلان و هۆزەکانی غەیری کورد و پێکهێنانی شاند بۆ فۆرمووڵەکردنی داخوازیی ئەوان و دڵنیاکردنیان لە پارێزراوبوونی ماف و ئاسایشیان و ... نیشان دەدات کە بناغەی ئەو حکوومەتە سەربەخۆیە لە سەر دادپەروەری دادەنرێ. یانی چوار فاکتۆری سەرەکی لە بەرژەوەندیی سەربەخۆیی دا رۆڵێکی بەرز دەبینن: ١. ئەوەی کە پێکهێنانی حکوومەتی سەربەخۆ لە ئیرادەی گشتیی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ ٢. بناغەی ئەو حکوومەتە لە سەر دادپەروەری دادەمەزرێ ٣. دێموکراتیک بوونی ئەو حکوومەتە بە لە بەرچاوگرتنی بەستێنی ئەو حکوومەتە نوێیە کە لە سەر بناغەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دادەمەزرێ کە بە هەموو کەم و کوڕیەکانیەوە نموونەی دێموکراسییە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست دا و ٤. هەبوونی هێزی بەهێزی پێشمەرگە کە دەتوانێ ئاسوودەیی و ئاسایشی هاووڵاتیان دابین بکا.

ئەنجام:

باشووری کوردستان لە مێژ ساڵە خەبات دەکات بۆ سەربەخۆیی. سەربەخۆیی ئەو پارچەیەی کوردستان لە ئیرادەی گشتیی خەڵکەکەیەوە سەرچاوە دەگرێ و بریار وایە لە گشتپرسی دا ئەو ئیرادەیە پیشان بدرێ. چوار فاکتۆری سەرچاوە گرتنی ئەم سەربەخۆییە لە ئیرادەی گشتی، دادپەروەری وەک بناغەی ئەو حکوومەتە، دێموکراسی و هەبوونی هێزی پێشمەرگە بۆ دابین کردنی ئاسایش و ئاسوودەیی هاووڵاتیان لەو فاکتۆرانەن کە لە بەرژەوەندیی حکوومەتی سەربەخۆی باشووری کوردستان دا دەبن.

http://vgd.no/samfunn/filosofi/tema/٦٦٧٦٨٥/tittel/kontraktsteorien
https://no.wikipedia.org/wiki/Leviathan_(bok)
http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/١٢٠٩٢٠١٧١٦
https://snl.no/Thomas_Hobbes



وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ کەریم پەرویزی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

# خەڵک بە هاتنیان بۆ سەرشەقام، ترسیان لە داپڵۆسینی ڕێژیم ڕەویوەتەوە و لە مەرحەلەیەکی دیکەدا، دەبێت ترسی خەڵک لە زیندان بشکێت و بڕۆنە بەر زیندانەکان و داوای ئازادکردنی گیراوەکان بکەن.

وتووێژ: سابیر فەتاحی

**خرۆشانی جەماوەریی ڕۆژهەڵات و پەیامەکانی لە دوای ئەنجامە ئەرێنییەکەی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانی باشوور، مژاری چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی تیشکە لەگەڵ کەریم پەرویزی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە سەرنجتانی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.**

**ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لە وادەی دیاریکراو و بە بەشدارییەکی بەرچاو بەڕێوەچوو، هاوکات هەڕەشەکانی وڵاتانی دەورووبەریش هەر ماون، بە بڕوای ئێوە، ئەگەری عەمەلی کردنیان هەیە یان هەر لە چوارچێوەی قسەدا دەمێننەوە؟**

وەکوو هەموو لایەک ئاگادارن پێش لە گشتپرسییەکە، وڵاتانی دەورووبەر و حکومەتی بەغدا و ئەوانەی کە پێیان ناخۆشە کورد بە مافەکانی خۆی بگات، هەڕەشەی زۆریان دەکرد و ئێستا کە گشتپرسیەکە ئەنجام دراوە، ئەو وڵاتانەی کە هەڕەشەیان دەکرد، دەبێت شتێک لە خۆیان نیشان بدەن کە ئەو هەڕەشانەیان لە خۆڕا نەبووە و حەتمەن کردەوەیەکی بەدوادا دەبێت، بەڵام ئەو کردەوە ئاستەکەی جیاوازە، چوونکە بابەتەکە بابەتێکی ئاڵۆزەو وەزعییەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئەمنیەتییەکەی ناوچە، دۆخێکی ئاڵۆزە و ئەو وڵاتانە هەر کامیان بە نیسبەت بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە، هەڵوێستی جیاوازیان دەبێت. لە یەکەم کاردانەوەدا بۆ وێنە حکومەتی بەغدا باسی لەوە کرد کە فرۆکەخانەکان دادەخات و هەندێک دەرگا سنوورییەکانی ڕۆژهەڵات دەگرێتە ژێر دەسەڵات و ئەگەر بۆی بکرێت، هێز دەباتە ناوچە جێناکۆکەکانی وەک کەرکوک و خانەقین و ئەمانە. وڵاتانی دەورووبەریش بۆ وێنە تورکیە باسی کردووە کە ئێمە هاتووچۆی هەوایی و زەوینی لەگەڵ کوردستانی عێراق بەرتەسک دەکەینەوە، کۆماری ئیسلامیش تەنیا لە ئاستی هەڕەشەدا مایەوە و کارێکی ئەوتۆی نەکردووە، تەنیا دانیشتن لەگەڵ سەرانی عێراق و ئەمانەدا دەکات و زۆرتر کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای حکومەتی بەغداوە دەیکات، ئەوانە هەندێک سەرەتای کاردانەوەکانن کە چاوەڕوان دەکرێت لە حەدی تایبەت تێنەپەڕێت، چوونکە هەر کامێکیان بەرژەوەندی تایبەتی سیاسی و ئابووری خۆیان هەیە؛ بە تایبەت کە حکومەتی بەغدا زۆرتر زەرەر دەکات لە مەسەلەی گشتپرسی کوردستاندا، بەڵام لەبەر لاوازی خۆی و لەبەر وەزعییەتی ئەمنیەتی خۆی ناتوانێت کاردانەوەیەکی ئەوتۆ و زۆری هەبێت و کۆماری ئیسلامیش تەنیا لە ڕێگای بەغداوە دەیهەوێت کار بکات واتە خۆی بە شێوەی ڕاستەوخۆ نایهەوێ فشار بێنێت چوونکە پێی ناکرێت. لە لایەکی دیکەشەوە نیگەرانی ئەوەیان هەیە کە کۆماری ئیسلامی و تورکیە لە یەک دڕدۆنگن و هەر کامێکیان نیگەرانیی ئەوەیان هەیە کە ئەگەر ئەمیان بازاڕی ئابووریی کوردستان لە دەست بدات و ئەوەی دیکە جێگەی بگرێتەوە، بۆیە زۆر مەترسیدار نابێت، بەڵام هەندێک کردەوە نیشان دەدەن تەنیا بۆ ئەوەی کە هەڕەشەکانمان کردەوەشی بە دوادا بووە.

**ئەگەر هەڕەشەکان پراکتیکی بکرێن، هەڵوێستی حیزبی دێموکرات چ دەبێت؟**

**بە بڕوای** من، بە کردەیی کردنی هەڕەشەکان لە داخستنی سنور و بواری ئابووری زیاتر تێناپەڕێت، ئەگەر بگاتە نیزامی و هێرشی نیزامی کە ئیحتمالی یەکجار زۆر کەمە و یەک لە هەزار و یەک لە میلیۆنیش نییە، حیزبی دێموکرات وەک هەمیشە کە خۆی بە پشتیوانی ئەم بەشە لە نیشتمان زانیوە، ئامادەیە و ئێستاش کە گشتپرسی بەڕێوە چووە و دەیانهەوێت دەوڵەتی سەربەخۆ ڕابگەیەنن و هەر کات پێویست بێت داوای لێبکرێت، حیزبی دێموکرات ئامادەیە یارمەتیدەری ئەم بەشە لە نیشتمان بێت، بەڵام بە دڵنیایەوە ناگاتە ئاستێکی نیزامیی ئەوتۆ. بەڵام مەسەلەیەکی دیکە هەیە کە لە گشتپرسییەکەشدا نیشانیدا، کۆماری ئیسلامی کە هەڕەشە و گوڕەشەی یەکجار زۆری دەکرد کە پێش بەم گشتپرسیە دەگرێت و ناهێڵێت بەڕێوە بچێت، کاتێک لە کوردستانی ڕۆژهەڵات خەڵک شاییان گێڕا و بە دەیان هەزار کەس هاتنە سەر شەقامەکان، ئەو کاتە کۆماری ئیسلامی هەڵوێستەکانی گۆڕا. بۆیە ئەگەر بیهەوێت هەڕەشەی جیددی یان هێرشی نیزامی بکات و بزانێت کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئیقدامەکە و هەڵوێستەکە جۆرێکی تر دەبێت، کۆماری ئیسلامی پاشگەز دەبێتەوە.

**باسی هەڵوێست و خرۆشانی شارت کرد و خەڵک هاتنە سەر شەقام، ئەوەیکە حیزبی دێموکرات لە مانیفێستی ڕاساندا باسی دەکات شار بە باشی ئەرکی خۆی ئەنجامدا، چونکە ترسی جارانی نەماوە و خۆی نیشان دەدات، ئێستا حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکە چۆن دەیانهەوێت ڕێبەرایەتی ئەم شۆڕشە بکەن کە هاتۆتە ئاراوە؟**

ئەو شتە کە ئێوە پێی دەڵێن شۆڕش، هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو قۆناغە. هاتنە سەر شەقامی خەڵک بە بۆنەیەک و خۆشی و شادی دەربڕینی خەڵکیش بە بۆنەیەکی نەتەوەییەوە، سەرەتاکانی نیشاندانی ئەوەیە کە خەڵک ئامادەیە بێتە گۆڕەپانەکە.

**بەڵام حیزبی دێموکرات وێڕای بانگەشە بۆ ڕیفراندۆم، داوای لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتیش کرد کە بە شێوەی جۆراوجۆر خۆیان نیشان بدەن و بەشێکی بەرچاو لە درووشمەکانیش، تایبەت بە حیزبی دێموکرات بوون؟**

بەڵێ ڕاستە، بەڵام شۆڕش، پێناسەی تایبەت بە خۆی هەیە و دەبێت ئەو خەڵکە لە مەیداندا حوزووریان هەبێت بۆ شتێکی تایبەت و بیانهەوێت سیستەمێک بگۆڕن یان خەباتی خۆیان بەرەو پێشەوە ببەن و بە بەردەوامیدانی بگاتە قوناغێک کە پێی بڵێت شۆڕش، بەڵام هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو قۆناغە و ئەوەی کە نەگەیشتۆتە ئەو قۆناغە، بە مانای ڕەتکردنەوەی شۆڕش نییە، بەمانای ئەوەیە کە سەرەتایە، سەرەتایەکە دوای چەندین ساڵ و چەندین شێوازی کارکردنی جیاواز وەکوو حیزبی دێموکرات باسی قۆناغی ڕاسان کراوە. بەڕای من قۆناغی ڕاسان، خاڵی ڕەشی ئامانجەکەی پێکاوە.

**خاڵە ڕەشەکەی ئامانجی ڕاسان بریتی بوو لە چی؟**

بریتی نەبووە لەوەیکە پێشمەرگە دێت و شار داگیر دەکات، بریتی نەبووە لەوەیکە بە هێزی پێشمەرگەوە، کوردستان ڕزگار دەکات، ڕاسان دەڵێت لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ و پێناسەکەشی ئەوە بووە کە بە حوزووری پێشمەرگە لە کوردستاندا ئەو ورە و هیوایە بۆ خەڵک دەگەڕێتەوە کە خەڵک بۆ خۆیان بێنە مەیدان و ویستەکانی خۆیان باس بکەن. ئێستا دەبینین کە سەرەتاکەی نیشان دەدرێت کە خەڵک ئەو ترسەی نەماوە، خەڵک دێتە سەر شەقامەکان، لەو حەرەکەتانەی کە بە بۆنەی گشتپرسییەوە کران دیتمان کە لە چەندین شاری ڕۆژهەڵات دا خەڵک جەژن و شاییان کردووە و درووشمیان داوە، ئەوانەمان بینی کە خەڵک خۆیان دێنە سەرشەقام و باسی داواکارییەکانی خۆیان دەکەن، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ڕاسان لە سەرەتاکەی خۆیدا، ئامانجی خۆی پێکاوە، داویەتی لە خاڵی ڕەش کە بریتییە لە حوزووری پێشمەرگە لە کوردستاندا بە مەبەستی وەگەڕخستنی کۆمەڵگا. لێرە بە دواوە، ئیتر خەڵک ئەوە ئەزموون دەکات کە دەتوانێت حوزووری هەبێت وبۆ خۆی خەباتەکە بەرێتە پێشەوە و پێشمەرگە و حیزبە سیاسییەکان و ڕێبەرە سیاسییەکان ئەرکی ئەوەیان نابێت لە جێگای هەموو خەڵک بڕیار بدەن و لە جیاتی هەموو خەڵک بیر بکەنەوە و ڕزگاری بێنن بۆ ئەم خەڵکە، بەڵکوو ئەرکیان ئەوەیە کە ئەوان ڕێکخەر دەبن. ئەو شتانەی کە پێویست دەکات، قۆناغ بە قۆناغ بە شێوەی تایبەتی خۆی بەرنە پێشەوە، کە گرینگترین قۆناغی ئێستا بە نەزەری من ئەوەیە کە خەڵک بە هاتنیان بۆ سەرشەقام، ترسیان لە داپڵۆسینی ڕێژیم برەوێتەوە و لە مەرحەلەیەکی دیکە دەبێت ترسی خەڵک لە زیندان بشکێت، دەبێت ئەو زیندانانەی کە کۆماری ئیسلامی وەک هەڕەشەیەک لە سەر خەڵک ڕادەگرێت، ترسی خەڵک لە زیندان بشکێت و خەڵک بڕۆنە بەر زیندانەکان و داوای ئازاد کردنی گیراوەکانیان بکەن.

**دەگەڕێمەوە نێو جوغرافیای عێراق وەک وڵاتێکی ڕووخاو و ئاڵۆز، لە بەرانبەریشدا ئاوەدانی و پێشکەوتن و دێموکراسی و پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستانی باشووردا، پێت وایە ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەی دوژمنان لە سەربەخۆیی کوردستان لەبەر چییە؟**

گەورەترین ترسی دوژمنان و داگیرگەران ئەوەیە کە کورد وەک ئەوان بیر ناکاتەوە، ئەوان ترسی گەورەیان لەوەیە کە ڕێژیمەکانی دەوروبەر هەموو داپڵۆسێنەر، دیکتاتۆر و سەرەڕۆن و باس لە شۆڤێنیزم دەکەن، باس لە نەتەوەیەکی خەیاڵی سەردەست دەکەن کە هەموو خەڵکی دیکە لە ناو ئەو نەتەوەیەدا بتوێننەوە، بەڵام کورد باس لە ئازادی، دێموکراسی و پێکەوە ژیان دەکات، کورد باس لە ژیانی ئازادیی هەموو نەتەوەکان پێکەوە دەکات. کورد باسی گەشە کردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ... دەکات. بەڵام ئەوان باسی هەزینەکردنی هەموو ئابووری و سەرمایەی وڵات لە پێناو ئیدیۆلۆژییەکی بەرتەسکدا دەکەن. ئەوە لە عێراقدا دەبینین کە حکومەتێکی تایەفی- مەزهەبی هاتۆتە سەرکار، لە تورکیەدا دەبینین کە درووشمە فاشیستی و شۆڤێنیستییەکان دووبارە زیندوو دەبنەوە، ئەوە لە کۆماری ئیسلامیدا کە دەبینن باس لە ئیدیۆلۆژییەکی توندڕەوانە دەکرێت، حکومەتی بەشار ئەسەدیش کە ڕوون و ئاشکرایە چ دڕندەیەکە. بە گشتی لە چوار دەوری کورددا باس لە کوشتن، تیرۆر، تواندنەوە و سڕینەوەی هەموو نەتەوەکانی دیکە دەکرێت، بەڵام کورد لەو نێوەدا باس لە پێکەوە ژیان، گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و خەرجکردنی داهات و دەرکەوت و سامانی وڵات لە پێناو گەشەکردنی خەڵکدا دەکات، ئەمە ئەو ئیدیۆلۆژییەیە کە کورد هەیەتی بەرانبەر بەو هەموو ئیدیۆلۆژییەی وڵاتانی ناوچەکە؛ بۆیە ئەوان ترس و نیگەرانیان لێی هەیە کە مۆدێلێکی دیکە لە ژیان، مۆدێلێکی دیکە لە کۆمەڵگا، مۆدێلێکی دیکە لە حکومەت و لە سیاسەت دێتە ئاراوە کە سێحر و ئیعجازی شۆڤێنیستەکانی دەورووبەر پووچەڵ دەکاتەوە و ئەفسانەی ئەوان دەباتە ژێر پرسیارەوە. کۆماری ئیسلامی و شۆڤێنیستی حاکم لە تاراندا ترسی لەوە هەیە کە ئەو درۆیانەی کە چەندین ساڵە کردوویەتی، هەموو درۆ و ئەفسانە سازییەکانی باتڵ دەبێتەوە.

**عیبادی ڕایگەیاند لە سەر پرسی ڕێفراندۆم و ئەنجامەکانی هیچ قسەیەک لەگەڵ بەرپرسانی هەرێم ناکەین، ئەگەر بێت و عیبادی لە سەر ئەم هەڵوێستە بەردەوام بێت، چارە چییە؟**

عیبادی وەکوو هەموو دەسەڵاتدارانی دیکەی ناوچە بەتایبەت وەکوو پێشزەمینەکانی خۆی وەکوو ڕێژیمی سەدام و مالیکی و هەموو ئەوانەی دیکە دەیهەوێت دەسەڵاتی موتڵەق و سەرەڕۆی خۆی بە سەر ناوچەکەدا بسەپێنێت، ئەگەر ئێستاش نەتوانن کە وەزعییان لاوازە، بەڵام سبەی کە وەزعیان ئارام بێتەوە، ئەوانە هەر ئەو کارە دەکەن، چوونکە ئەگەر لەبیرمان بێت بەر لە هێرشی داعش، مالیکی ئۆپڕاسیۆنی دیجلەی ڕاگەیاند و هێزی نیزامیان هێنا کە دەست بە سەر کوردستاندا بگرن، ئەو ژنڕاڵەیان هێنا، بەڵام ئەو شەوەی داعش هات بەپەلە هەڵات، یانی ئەوانە لە واقیعدا دەیانهەوێت هەر کات دۆخەکە ئارام بوویەوە، بچنەوە سەر پاشخانە شۆڤێنیستەکەی خۆیان، ئینجا چ عیبادی بێت یان هەر کەسێکی دیکەیان، لە بەغدا حاکم بێت یان لە تاران، شام و ئانکارا، هەمان بیرکردنەوەیان دەبێت کە دەیانهەوێت ئەم خەڵکە بسڕنەوە و بە هێزی نیزامیش دەیسڕنەوە نەک ئەوەیکە پێکەوە بژین، ئەوانە ئەو شتانەیان هەیە بەڵام وەزعی خۆیان نالەبارە، عیبادی ئێستا دەسەڵاتی بە سەر ناوچەکانی خۆیدا نییە.

**ئەگەر سەرنجت بە قسەکانی ئەردۆغان دابێت لەم ماوەیەدا بە تەواوی لە سەر شەخسی بارزانی قسەی دەکرد و ئێرانیش بە هەمان شێوە فوکۆسی لە سەر شەخسی بارزانیە، لە حاڵێکدا ئەم گشتپرسیە لە جوغرافیایەکی موشەخەس و بە ئیتفاقی هەموو ئەحزاب هاتووەتە ئاراوە، ئەوە نیشاندەری چییە؟**

دووژمنانمان نایانهەوێت قبووڵ بکەن کە نەتەوەی کورد خاوەن مافی خۆیەتی. ئێستا چ بەڕێز بارزانی بێت کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و بە پێی دەسەڵاتەکەی دەتوانێت و پێداگرە لە سەر گشتپرسیی و دەوڵەتی کوردستان، یان هەر کەسێکی دیکە بێت، مەسەلەی کورد، مەسەلەیەکی نەتەوەییە و کەسانێکی زۆر شۆڕشگێر هاتوون و لەو ڕێیەدا کاریان کردووە. دەسەڵاتەکانی دەورووبەر نایانهەوێت وەکوو مەسەلەیەکی نەتەوەیی ببینن، دەیانهەوێت شتەکان لە کەسێکدا کورت بکەنەوە و بڵێن ئەو تاکەیە کە خەریکی ئاژاوەیە و دەستی دوژمنانی تێدا هەیە. دەنا ئەگەر مەسەلەکە ئەوە بێت، ئایا لە تورکیەدا جگە لە ئەردۆغان هیچ ستەمێکی دیکە لە سەر کورد نەبووە، ئەی سەد ساڵی ڕابردوو ئەو هەموو تاوانە بە نیسبەت کورد کراوە؟ لە تاراندا تەنیا خامنەییە کە دژ بە نەتەوەی کورد ستەم دەکات؟ نا ئەوە سیستەمێکی فیکری فاشیستییە کە فاشیزم لە ناوچەکەدا پەرە پێدەدات و لە نێو کوردیشدا بیرکردنەوەکە داخوازییەکی نەتەوەیی هەیە، ئێستا بەڕێز بارزانی نەبێت هەر کەسێکی دیکە بێت ئەوان دەیانهەوێت شتەکان تەنیا سووک کەن و لە ئاستێکی زۆر کورتدا نیشانی بدەن کە بە لاچوونی نەفەرێک، چارەسەر دەبێت. لە حاڵێکدا بە هەزاران کەسیان کوشت، بە هەزاران کەسیان قەتڵ و عام کرد، بە هەزاران کەسیان کیمیاباران و تیرۆر کرد، دەوڵەتەکانی دەورووبەر و داگیرکەرەکان هەموو شتێکیان کرد، بەڵام کورد هێشتا لە سەر خەباتەکەی خۆی پێداگرە.

**دوا قسەتان؟**

هیوادارم لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیشدا کە ڕاسان دەستی پێکردووە، بەردەوام بێت چوونکە گەشە کردن و گرینگی پێدان بە خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵات، یارمەتیدەرێکە بۆ خەبات لە باشوور و بەشەکانی دیکەشدا، پێکەوە ئەو خەباتانە لە هەر دوو بەشەکاندا بڕواتە پێشەوە، ئەوانە بۆعد و ستراتێژیکی یەکترن، هیوادارم زیاتر گەشە بکات.

# ڕەساڵەتی تەنز
# لە شێعری "مەلا مارف کۆکەیی"دا

مەهاباد.ە

بەشی دووهەم (کۆتایی)



ئەم کڵاوی پەهلەوی قایم مقامی مێزەرە
بۆ هەموو کەس باشە ئەمما بۆ کەچەڵ باسی سەرە

١.وەسفی ئازادیخوازی و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ زۆرداری

بۆ وێنە لە شێعری "ئەی بادی سەبا" زوڵم و زورداری خەلیفەی ئیندرقاش بە عوبەید ئیبنی زیاد و شمری زولجوشەن دەشوپهێنێ و بەمجورە سکاڵای خۆی دەباتە لای سوڵتانی نیزامی و دەڵێ ئێوە کە لە پاک و ڕاستیدا وەک ئالی عەبا وان چیتر پشتیوانی لێمەکەن.

شێعری تەنزی مەلا مارف ئاوێنەی حەقیقەتە، شاعیری موکریان ئەم زمانە دەکاتە چەکی خەبات و لە هەمبەر ملهوڕانی دەسەڵات و ئەربابانی زوڵم ڕادەوەستێ.

لە شێعری "نسحەت و پەند"دا شاعیر وەسفی ئازادی و ڕزگاری خوازی دەکات و ئاماژە بە هێندێک بەسەرهات یان ئاماژە بە چیرۆکەکانی فۆلکلۆر و ئەفسانەیی وەک "غوولی بیابان و "بەیتی بلە" دەکات لە کۆتاییشدا دەڵێ:

ئەو لەززەتی ئازادی و حوڕڕییەتی نەفسی
سەد مەرتەبە شیرینترە لەم شەککەر و قەندە

کە ئاماژەیەکە بە سەردەمی "کۆمەڵەی ژ.ک" و ڕووداوی شارەبانی کە خەڵک هەوڵیان دەدا بە سجیلی مردووەکانیش قەند و شەکر وەرگرن و مەلا مارف وەبیر خەڵک دێنێتەوە کە ئازادی و تەبع بڵندی، لەم قەند و شەکرەی خۆی بۆ دەکوتن، شیرینترە.

هەروەها لە شێعری "ئەی میللەتی مەزلووم" خەڵک هان دەدا کە قۆناغی جەهالەت تەواو بووە و یەک بگرن. هێندێک لەو دەستە واژە و وێنانەی شاعیر لەم شێعرەدا بە کاریان دێنێ جێگای تێڕامانن.

لە تەک بەیتی "قایم مەقامی مێزەر"یشدا کە باس لە یاسای جلوبەرگ گۆڕینی سەردەمی ڕەزا شای پەهلەوی دەکا، بە چەشنێک ناڕاستەوخۆ و بە زمانی تەنز تەشەر بە ڕەزا خان دادەدا:

ئەم کڵاوی پەهلەوی قایم مقامی مێزەرە
بۆ هەموو کەس باشە ئەمما بۆ کەچەڵ باسی سەرە

٤ . سەزەنشت کردنی کردەوە و ڕەفتاری نادروستی کۆمەڵگا

لە کۆمەڵگایەکدا کە بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بە پلە و پایەی باڵاتر تەنانەت زانایان و بەرەی خوێندەواریش دەست بە داوێنی درۆ و بچووک کردنەوەی یەکتر دەگرن ئەم کۆمەڵگایە نەخۆشە، مەلا مارف باش لەم بارودۆخەی سەردەمی خۆی گەیشتووە و لە هێندێک لە شێعرەکانیدا سەرزەنشتی ئەم ڕەفتارانە دەکات. بۆ وێنە ئەوە لە شێعرێکدا کە بۆ مەلا حوسەینی نووسیوە بەرچاوە:

خواهیش دەکەم بڵێن بە جەنابی مەلا حوسەین
ئەو زەممی من بکات و ئەمن مەدحی ئەو بکەم
زۆر عەیب و حەیفە لە بۆمە کە بەعزێ قسان بکەین
تێکیش بگەین کە هەر دوو تەڕەفمان درۆ دەکەین

هەروەها لە بەشێک لە شێعری "قەومی شەوکەت"دا بەمجۆرە ڕەخنە لە شاعیران دەگرێ:

عادەتی ئەشخاسی شاعیر مەسلەک و شەخسی ئەدیب
یا بە دەس هێنانی دنیایە لەبەر لۆمەی ڕەقیب
یا درۆیە یا ڕیایە یا نە مەکرە یا فەریب
هەڵدبەستن شێعری شەرماوەر بە ئەلفازی غەریب

یان لە شێعری "جەنابی سەیدی نوورانی"دا هۆکاری ڕەفتار و کردەوەی دزێوی خەلیفەی ئیندرقاش دەگەڕێنێتەوە بۆ بەبێ هەڵوێستی سەیدی نوورانی:

گوناهی ئەم هەموو مەخلووقە باری گەردنی تۆیە
ئەتۆ گورگت بە مەڕ بەم عالەمە سەلماندووە غەوسی
*
ئەگەر بۆخۆت ئەزانی ئەم خەلیفەت ناقیسە هێشتا
عەبای بۆ پێدەدەی بۆ ماڵی خەڵکی دادەدەی دەرسی

٥. هەژاری و نەداری

کۆمەڵێک ڕووداوی ناخۆش و تاڵ وەک شەڕە جیهانییەکان، شەڕی ناوخۆی ئێران، سیلاوی مەهاباد، کوشتاری خەڵکی ئەم شارە و قات و قڕی لە ماوەی ژیانی مەلا مارفدا کە لە سەر هەژاری و نەداری خەڵک شوێندانەر بوو لە شێعرکانی ڕەنگدانەوەی جیدیان هەیە، شاعیری نوکتە باز لە سەردەمی دیکتاتۆرییەتدا زۆر جار بە زمانی تەنز لۆمە لەم بارودۆخە دەگرێ.

لە بەشێک لە شێعری "عەباییێکم هەبوو" بەمشێوەیە گاڵتە بە وەزعی نالەبار و کۆنی عەباکەی دەکات:

بە چاوی پڕ لە ئەسرین و ئەسەف ئەوڕۆم تەماشا کرد
بە نووکی نەشتەری پیری وەکوو من جەرگی کون کون بوو
لە هەوری ماتەمی ئەربابی فوقدانی کەرەم دیتم
وەکوو نەسجولعەناکیب یانی ئیسمی بێ موسەمما بوو
قەڵشتی ئاشیانەی عەقرەب و مار و ڕوتەیلا بوو
بە بەفری غەم هەموو گیانی بە وێنەی یەددی بەیزا بوو

یان لە شێعری "بەهرە و قیسمەتم"دا دەڵێ:

لەشکری فەقر و پەرێشانی هوجوومی کردووە
دەردی بێ دەرمان و سەرباری هەموو دەردی گران
ڕایەڵ و پۆی تێکچووە ماشێنەکەی چەرخی فەلەک
دەوریان داوم بە نێزە و خەنجەر و شیر و قەمە
بێوەفایی دۆستان و ئینقلابی عالەمە
هەر وەکوو ئەوزاعی من ئاڵۆز و دەرهەم بەرهەمە

ئەوەی لە تەنزدا بەرچاوە "ناسازگاری" نێوان عەناسوری جۆراوجۆرە. بە وتەی شۆپێنهاوێر: "هەر بەیانێک کە خاوەنی ناسازگاری بێ. پێکەنیناویە".

مەلا مارف خاوەن زمانێکی هونەرمەندانەیە لە ئافراندنی ئەندێشە، هێنانەوەی دەستەواژە، پەندی پێشینیان و بۆ کەلک وەرگرتن لە ئایەتەکانی قورئان دەستێکی باڵای هەیە و ڕوانگەی خۆی ناڕاستەوخۆ بەڵام گیرا و شوێندارانە دەگەیەنێت هەر بۆیە بەردەنگ تووشی تێفکرین دەکات و زانیاری دەبەخشێت. ئەو لە زۆربەی شێعرەکانیدا ئاماژە بە ڕەوایەتێکی مێژوویی و بەسەرهاتێکی گرینگ یان شێعر و دەستەواژەیەکی مەشهوور دەکات و بەم جۆرە ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە مانا و مەفهوومێکی تایبەت دەکات و ڕەخنە دەگرێ.

مەشهوورە دەڵێن "سوورە سمێڵان ببزێوە"
دەردت لە کەسانێ کە دەکەن بادەپەرستی
**
"ان بعض الظن اثم" گەر کەسێ بێت و بڵێ
"کاکی کۆکی" تالبی تەحسیلی پووڵ و غازییە

لە زمانی تەنزی مەلا مارفدا قسەی سووک و جنێو جێگە و پێگەیەکی نییە بە چەشنێک کە تەنزی مەلا مارف وێڕای پاراستنی عیفەتی کەلام لە جدیترین مەقولەکان تێپەڕ دەبێ و وەک نەشتەرگەرێک بە ئامرازی تیغی تەنز حەول بۆ چاکسازی دەدات.

مەقامی تۆ نییە وەعز و نەسیحەت شاعیری سووتاو
شیعار و مەسلەکی ئەشعاری تۆ تەنقید و تەمجیدە
وەکوو پەروانە بۆ دنیا بڕۆ لەم خەڵکە خۆت لادە
بە کارت نایە ئەم مەیدانە ئەسپی خۆت لەوێ لادە
**
ئەگەرچی ئەم قەسیدە توند و تاڵە زەهری قەتتالە
بەیانی واقیعە تێیدا نییە هیچ ئارەزووی نەفسی

مەلا مارف پێداویستیەکانی کۆمەڵگای سەردەمی خۆی باش ناسیوە دەرئەنجامەکەشی زمانێکی سادە و ساکار لە هەمان کاتدا دەکارکردنی مەفاهیمی نوێیە.

یان لە شێعری "پاکەتێک چایی"دا ئەگەرچی داواکارییەکی تاکە کەسی هەیە بەڵام بە زمانێکی تەنز ڕەخنە لە خەلافی وەعدە و جێبەجێ نەبوونی بڕیارێک دەدات:

لە لام وابوو عەزیزم قەدر و وەزنی پاکەتێک چایی
چ لازم بوو بە تەفرە و وەعدە جانا، بۆچی نەتفەرموو
لە میزان و تەرازووی هیممەتی تۆ بۆتە خۆڕایی
فڵانکەس دوو دەنک چایی بە کەس نادەم بە خۆڕایی

هەروەها ئەمە لە شێعری "وەعدەیێک دا" بەرچاوترە و شاعیر بە کەنایە و تەشەر گاڵتە بە قەول و بەڵێنی بێ عەمەل دەکات:

وەعدەیێکت دا بە گۆشەی چاو و دوو ئەبرۆتەوە
من لە لام وابوو کە ئاغای شافیعی، میرزا غەنی
ئەهلی ئەنعامە دەگەڵ هەر کەس، خسووس نیسبەت بە من
تۆ پەشیمان بوویەوە یا خۆ لە بیرت چۆتەوە
بۆ کەرەم جێگا و موقامی بابی خۆی گرتۆتەوە
مەزرەعەی لوتفی بە سێسەد فەعلە نادروێتەوە

ئامانجی شێعری تەنزی مەلا مارف بزووتنی هەستی خەڵک و گەڕانەوە بۆ شوناسی نەتەوەییە هەر بۆیە شێعرەکانی خاوەن پلە و پایەیەکی بەرزن لە ئەدەبیاتی کوردییدا، شاعیر بەردەوام داکۆکی دەکات لە سەر مافی ڕەوای خەڵک و ئازادییەکانی تاکە کەسی و کۆمەڵایەتی و وەلاتانی خوڕافات و فیریودانی خەڵک، هەر بۆیە بوێرانە بەرامبەر بە زۆرداران دەوەستێ و کردەوەی ناڕێک و هەڵس و کەوتی بە دوور لە ئەندێشەیان لە قاو دەدات.

دەرئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا شێعرە کوردییەکانی مەلا مارف لە ڕوانگەی تەنزەوە لە چەند بەشی (لۆمەی شێخ و خەلیفە، ڕەخنە لە کۆنەپەرستی، وەسفی ئازادیخوازی و بەرنگاربوونەوە لەگەڵ زۆرداری، سەزەنشت کردنی کردەوە و ڕەفتاری نادروستی کۆمەڵگا، هەژاری و نەداری ) تاوتوێ کراون.

تەنزی مەلا مارف لەخۆگری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیانەیە. شاعیر بۆ ئەم دژەوەستانە وشەی ناحەز و سووک بە کار ناهێنێ لە هەمان کاتدا بە زمانێکی بڕندە گاڵتە بەم چەقبەستوویەی سەدەمی خۆی دەکات، هەر ئەوەش بۆتە هۆی جیاوازی زمان و شێعری مەلا مارف بە نیسبەت شاعیرانی پێش خۆی.

شاعیر لە باسی گیروگرفتەکانی خەڵکدا بە زەق کردنەوەی دواکەوتوویی، نەخوێندەواری و لاسایی کردنەوە بە زمانی تەنز تەپڵی بێداری دەکوتێ و بەرەنگاری ناحەزییەکان دەبێتەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ مەلا مارف ڕەخنە لە گشت کەم و کوڕییەکان دەگرێ و بێلایەنانە بە چەکی تەنز کۆشکی ستەمکاران دەلەرزێنێ. لەم شێعرانەدا مەبەستی گاڵتە و گەپ و پێکەنین نییە، بەڵکوو دەرخستنی دیوی نەرێنییەکانی ناو کۆمەڵگایە، شاعیر بەم شێوەیە باس لە خەم و ئێش و ئازارەکانی دەکات لە ڕووی دەمامکی پێکەنیناوی شانۆیەک. بەمجۆرە تا ئەوپەڕی قۆناغی جیددیەت هەنگاو دەنێت و زانیاری دەبەخشێت و کۆمەڵگا تووشی تێفکرین دەکات.

شێعرە تەنزەکانی مەلا مارف ئەگەرچی زەردەخە دێننە سەر لێومان، بەڵام لە ناخماندا خەمێك دروست دەکات. شاعیر بایەخ دەدات بە خوێندەواری، ئازادی، یەکگرتوویی، نیشتمانپەروەری، کەواتە تەنزی مەلا مارف "دەروەست"ە، هەر ئەو زمانە ڕەخنەگرانەیە جێگە و پێگەی شاعیر دیاری دەکات و وەک پێشەنگێک بۆ چاکسازی کۆمەڵگا و باشتر بوونی ژیانی ڕامیاری ـ کۆمەڵایەتی تاکی کورد هەوڵ دەدات.

## سەرچاوەکان:

١. کۆکەیی، مستەفا (١٣٩٥)؛ دیوانی مەلا مارف کۆکەیی، ئامادە کردن و ڕاستکردنەوەی: عەبدوڵڵا سەمەدی، چاپی یەکەم، ئینتشاراتی هیوا
٢. قاسمی، سمایل (٢٠٠٨)؛ تەنز و شێوە و ئامرازەکانی، وتاری زانستی، بۆکان، ئینتێرنێت
٣. قورەیشی، سەید یاسین، (١٣٩٦)؛ تەنز لە ئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری ئەلکترۆنیکی کۆڕی زانیاری ئەدیبانی کورد
٤. سدیق، ئارام، (٢٠١٧)؛ تەنز لە چیرۆکی نوێدا، ناوەندی ئەندێشە، ئینتێرنێت
٥. حلبی، علی اصغر، (١٣٧٧)؛ تاریخ طنز و شوخ طبعی ـ تهران ـ انتشارات بهبهانی

KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan · No:710 7 oct 2017

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

# ئاماری کوژراو و برینداریی کۆڵبەران لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ماوەی ٦ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا



ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لە دووتوێی ئامارێکدا ژمارەی کوژراو و بریندارەکانی کۆڵبەران لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، کە لە لایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران دەستدرێژیان لێکراوە و وێنای ٦ مانگی یەکەمی ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوییە بڵاو کردەوە.

بەپێی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران لە کۆڵبەران لە کاتی کۆڵبەریدا چەندین کۆڵبەر کوژراون یا بریندار کراون.

لەو ماوەیەدا ١٢١ کۆڵبەر کوژراون یا بریندار کراون.

٢٦ کاسبکار و هاووڵاتیی مەدەنی لە ڕێگاوبانەکانی کوردستان بە گومانی هەڵگرتنی کەلوپەلی قاچاغ دروانەتە بەر دەستدرێژی ڕاستەوخۆی گوللە.

ئەو ئامارە تەنیا حاڵەتەکانی وەک کوژراو و بریندابوونی کۆڵبەران باس دەکات، کە بە هۆی ئەوەیکە هیچ ناوەندێکی بەرپرسیار لە بوارەدا کار ناکات و بە ڕوانگەی ئەمنییەتییەوە لە کوردستان سەیری ئەو بابەتە دەکەن، ئاماری ڕاست و دروست دەکرێ لەوە زیاتر بێت.

بەپێی ئەو ئامارەی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ٣٥ کۆڵبەر کوژراون و ٨٦ کۆڵبەر بریندار کراون.

سەرجەم ١٢١ کۆڵبەر کوژراون و بریندار کراون.

لە نێو ئەو کوژراوانەدا دوو کۆڵبەری تەمەن ١٧ و ١٨ ساڵە، بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران کوژراون و بریندار کراون.

هەر بەپێی ئەو ئامارە ٧٧ کۆڵبەر بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، ٥ کەس بە تەقینەوەی مین، ٥ کەس بە هۆی مانەوەی لە ژێر هەرەسەوە، ١ کەس بە هۆی جەڵتەی دڵ، ٧ کەس بە هۆی کەوتنە خوارەوە لە بەرزاییەکان و ڕاوەدوونان لە لایەن هێزە نیزامییەکان، ٢٦ کەس کوژران و بریندابوون بە هۆی ڕووداوی هاتووچۆ و ڕاودوونان بە ماشینەوە، کە سەرجەم ١٢١ کەس دەکات.

کاری کۆڵبەری و کاسبی کردن تاکە سەرچاوەی داهاتی خەڵکی ناوچە سنوورییەکانە، بەڵام ڕۆژانە لە لایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە، سووکایەتیان پێدەکرێ و زۆر جاریش بەرەوڕووی مەرگ دەبنەوە.

کۆڵبەر بە چین و توێژەکانی زەحمەتکێشی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەگوترێ کە لە ناوچە سنوورییەکان بە کاری کۆڵبەرییەوە خەریکن.

ئەو چین و توێژە زەحمەتکێشە بە هۆی هەژاری و دەستکورتی بە ناچاری بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانی خۆیان ڕوو لە پیشەی مەترسیداری کۆڵبەری لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان دەکەن.

## زیندانییانی سیاسیی ڕەجایی‌شاری کەرەج: محەممەد نەزەری دەبێت ئازاد بکرێت



چوار زیندانیی سیاسی لە زیندانی ڕەجایی‌شاری کەرەج بەناوەکانی ئیبراهیم فیروزی، سەعید شێرزاد، سەعید ماسووری، جەعفەر ئێقدامی لە نامەیەکدا بە ڕێکەوتی ٣ی ڕەزبەری ١٣٩٦ سەبارەت بە بارودۆخی خراپی محەممەد نەزەری، یەکێک لە دێرینەترین زیندانییانی سیاسی کوردستان هۆشداریان دایە سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و "عاسمە جەهانگیر" ڕێپۆرتێری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کارۆباری مافی مرۆڤ لە ئێران.

دەقی نامەکەیان بەم چەشنەیە:

بەڕێز ئانتۆنیۆ گوتێرز، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان

خاتوو عاسمە جەهانگیر، ڕێپۆرتێری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کارۆباری مافی مرۆڤ لە ئێران

زیاتر لە ٦٠ ڕۆژ بە سەر مانگرتن لە خواردنی محەممەد نەزەری کە زیاتر لە ٢٥ ساڵە بە تاوانی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکان بەبێ بوونی یەک ڕۆژ مورەخەسی لە زیندان بە سەر دەبات، کە تەنیا هۆکاری دەست دان بە مانگرتنی لە خواردن داوای جێبەجێ کردنی مادەی ١٠ ئاییینی دادڕەسییە، کە بەپێی ئەو نامەیە ناوبراو پێویستە ئازاد بکرێت و ماددەی ١٨٦ی قانوونی موجازاتی پێشووی ئەو کە بە تاوانی شەڕ لەگەڵ خودا بە ئیعدام مەحکوم کرا و پاشان گۆڕدرا بۆ زیندانی هەتاهەتایی هەڵبوەشێندرێتەوە. بەپێی ماددەی ١٠،١٢٠،٩٩ ، ٧٢٨ی قانوونی موجازاتی تازە پەسەندکراوی ساڵی ١٣٩٢ کە تێیاندا یاسای تازە دانراوە و یاسا کۆنەکان لابراون یان چاکسازی کراون، دەبێت ئازاد بکرێت.

بەپێی ئەم یاسا تازانە کە تەواوی ئەو زیندانیانەی بەپێی ماددەی ١٨٧ی کۆن حوکم دراون دەبێت ئازاد بکرێن، بەڵام بە هۆی کارشکێنییەکانی دادستان و بەرپرسانی قەزایی - ئەمنیەتیی ڕێگری لە بەڕێوەچوونی ئەم مادده یاساییانە دەکەن، ناوبراو "محەممەد نەزری" لە ڕێکەوتی ٨ی گەلاوێژی ١٣٩٦ دەستی بە مانگرتن لە خواردن کردووە و لە ئێستادا توانای قسە کردنی لە دەست داوە و لە بەرەبەری مەرگ دایە.

بەڕێزان، ئێمە هاوبەندییەکانی محەممەد نەزری کە لە ماوی ئەم ٦٠ ڕۆژە شاهیدی برسییەتی و چرکەچرکە لەناوچوونی ئەو بووین، شاهیدی دەدەین لەم چەند ڕۆژانەی دواییدا بارودۆخی ناوبراو زۆر خراپ بووە، بە شێوەیەک لە کاتی خواردنی ئاوقەندیشدا هەڵی دەهێنێتەوە، تەنانەت توانای ڕێگا ڕۆیشتن یا قسەکردنی نەماوە. کاتێک بردرایە نەخۆشخانە کارمەندانی نەخۆشخانە پێیان ڕاگەیاندبوو کە دەرمان کردنی مانگرتووان قەدەغە کراوە.

بۆیە بە لەبەر چاوگرتنی ئەم کارەساتە مرۆییە، ئاگاداریی لە بارەی بارودۆخی خراپی ناوبراو دەدەینە تەواوی ویژدانە ئاگاکان و داوا لە پارێزەرانی سەربەخۆ دەکەین کە بۆ جێبەجێ کردنی داوای محەممەد نەزری و ئازاد کردنی ئەو کە تەواو یاساییە هەوڵ بدەن و لە کۆتاییدا سپاسی هەموو هەوڵەکانی ئێوە دەکەین.